بەختیار حمە سعید

# نەوت و ململانێکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق

## ( یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستەکان )

شوباتی ٢٠٠٨

# نەوت و ململانێکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق

## ( یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستەکان )

**پێشەکی:**

ململانێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر مەسەلەی نەوت وگازو یاساکانی ئەم بوارەو گرێبەستەکان گرژتروتوندتر بۆتەوە، هەردوولا لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان پێدادەگرن و پاساوی سیاسی و دەستوری و یاسایی بۆ دەهێننەوە، هەرچەندە ململانێ لەسەر سەرچاوە سروشتیەکان لەچەشنی نەوت و گازو ئاوو ئەڵماس و کانزا گرانبەهاکانی تر لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان مەسەلەیەکی نوێ نیەو مێژووی هاوچەرخی کۆمەڵگای مرۆیی بەتایبەت لەدوو سەدساڵی رابردوودا نەخشاوە بەشەڕو خوێنرێژی بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەم سەرچاوانەو قۆرخکردن و پاوانکردنیان، بەلام هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵێین عێراق و کوردستان خەریکە فەصڵێکی تری ململانێیەکی لەم چەشنە هەڵدەدەنەوە، ئەگەرچی نیشانەکانی ئەم ململانێیانەی دوایی ترسناکن و کاریگەری گەورە لەسەر چارەنوسی ئێستاو نەوەکانی داهاتوومان بەجێدەهێڵن.

لەم روانگەیەوە باسکردن لەم مەسەلەیە باسە لەسەر یەکێك لەهەستیارترین مەسەلەکانی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و لێکدانەوەی دروستی ئەو ململانێیانە گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە بۆ تێپەڕاندنی قەیران و تەنگژەکانی داهاتوو.

لەبەرئەوە سەرەتا دەچینە سەر باسی گرنگیەکانی نەوت و گازی سروشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم دەروازە فراوانەوە دەچینە سەر باسی عێراق و کوردستان و چاڵە نەوتە زەبەلاحەکانی ئەم دەڤەرەو هەوڵی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت بەکۆمەکی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ دابەشکردنی کێڵگەو چاڵە نەوتە گەورەکان و بەیاساییکردنی ئەو هەنگاوانە لەچوارچێوەی رەشنوسی یاساکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و عێراق و گرێبەستەکانی "هاوبەشی بەرهەمهێنان"، بەدیاریکراوی دەچینە سەر لێکدانەوەو شیکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسەندکراو لە٦ ئابی ٢٠٠٧داو بەراووردکردنی لەگەڵ رەشنوسی یاسای فیدراڵی، سەرەنجامیش دەچینە سەر باسی گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی هەرێم و نەبوونی شەفافیەت و گەندەڵی لەم بوارانەداو کاریگەری و ئاکامەکانی نەبوونی سیاسەت و ستراتیژی نەوتی لەکوردستان و شەڕی ئەم دواییانەی حکومەتی هەرێم لەسەر پارەو پترۆدۆلارو زیانەکانی لەپەیوەند بەچارەسەری رەوای مەسەلەی کوردەوە، لەکۆتاییشدا بەکورتی چەند هێڵیکی گشتی باسدەکەین لەسەر گرنگی پیشەسازی نەوت لەهەرێمی کوردستان و چۆنێتی کەڵك وەرگرتن لەداهاتەکانی نەوت بۆ گەشەپێدانی ئابوری و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

### چوونەسەری بەکارهێنان.. زیادبوونی داواکاری لەسەر نەوتی خاو

لەکەس شاراوە نیە کەدڵە ڕەشەکەی زەوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەتایبەتی ئەو ناوچەیەی کەبە"هیلالی شیعی" ناودەبرێ) هێشتا بەشێکی سەرەکی ووزەو خوێنی رەش بۆ هەموو دەمارو شادەمارەکانی کۆمەڵگای جیهانی دەنێرێ. بازاڕی جیهان چەند ساڵێکە چوونەسەری بەردەوامی کێرڤی داواکاری لەسەر نەوتی خاو تۆماردەکات و نرخی هەر بەرمیلێك نەوت خەریکە بۆ سەد دۆلارو بەرەوژوور

مل دەنێ. داتاکانی تایبەت بەزیادبوونی داواکاری لەسەر نەوتی خاو سەرسوڕهێنەرن، لەماوەی ١٠ تا ١٥ ساڵی رابردوودا ئەو داواکاریانە چەند بەرابەر زیادیان کردووە. لەساڵی ١٩٥٠ دا بەکارهێنانی رۆژانەی نەوت ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بوو، بەڵام دوو دەیە دواتر بەهۆی گەشەی ئابووری ئەوروپاو پلانی مارشاڵو گەشەی وولاتە تازەپێگەیشتووەکانو خودی هەرزانی نەوتی خاو ئەو رێژەیە گەیشت بە ٥٠ ملیۆن بەرمیل، ساڵی ٢٠٠٠ گەیشت بە٧٦ ملیۆن بەرمیلی رۆژانە کە٦٨ ملیۆنی تەنها نەوتی خاو بوو. ٨ ملیۆنەکەی تر لەرێگەی پاڵاوتگەکانەوە دەگەیشتەوە بازاڕەکان.*[١]، لە ٣١٪ی ئەو نەوتە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەدیاریکراوی لە٩٠٪ی لە شەش وولاتی سەر بەرێکخراوی ئۆپیکەوە بەرهەم دەهێنرێ. ئێستا لە٨٣ وولاتدا نەوت بەرهەم دەهێنرێ بەڵام تەنها ٥٠ وولاتیان لە٣٪ی ئەو رێژەیە بەرهەم دەهێننو بەرهەمهێنەرە سەرەکیەکانی نەوت لەجیهاندا هێشتا ئەمانەی خوارەوەن: (سعودیە، روسیا، ئەمریکا، ئێران، مەکسیک، چین، کەنەدا، ئیمارات، فەنزویلا، نەرویج، کوەیت، نەیجیریا، بەرازیل، عێراق)*[٢]، عێراق دەهەمین وولاتە لەبەرهەمهێنانو ناردنەدەرەوەی نەوتدا.

ئاژانسی وزەی جیهانی (IAE) -کەیەکێك لەدامەزراوە جیهانیەکانی وولاتە پیشەسازیە گەورەکانە- لەساڵی ٢٠٠٧دا لەراپۆرتێکی پاراودا سەبارەت بەووزەی جیهان رایگەیاند داواکاری نەوت لانی کەمو لەباشترین سیناریۆدا تاکو ساڵی ٢٠٣٠ دەگات بە١١٦ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا، بەتەنها چینو هندستان بەهۆی گەشەی ئابووری خێراوە داواکاریەکانیان لەسەر نەوت بەرێژەی ٤٥٪ زیاد دەکات. بەپێی هەمان راپۆرت چەقی قورسایی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو زیادەیە لەنەوتی خاو دەکەوێتە سەر وولاتانی رێکخراوی ئۆپیك، بەو پێیە بەشداری ئەو وولاتانە لەخستنەڕووی نەوتی خاودا واچاوەڕوان دەکرێ لەرێژەی ٤٢٪ بۆ ٥٢٪ بەرزبێتەوە*[٣]. هەر هەمان ئاژانس لەراپۆرتێکی تریدا لەبەرواری ٨ تەمووزی ٢٠٠٧دا پێشبینی کردبوو داواکاری لەسەر نەوت ساڵانە بەرێژەی ٢,٢٪ زیادبکاتو تاساڵی ٢٠١٢ جیهان رۆژانە پێویستی بەخستنەڕووی ٩٥,٨ بەرمیل نەوت بێ. ئەمەش واتە دەبێ هەموو ساڵێك ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ رێژەی گشتی بەرهەمهێنانی نەوت زیادبکات*[٤]

بەلەبەرچاوگرتنی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لەکێڵگە نەوتیە کۆنەکاندا بەتایبەت لەوولاتانی دەرەوەی رێکخراوی ئۆپیکدا، وەهەروەها هەڵچۆڕینو داڕووخانی بەشێك لەو کێڵگانە بەهۆی لیکی ئاوەوە، دەبێت جیهان ٣-٥ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا بەرهەم بهێنێ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو داواکاریانە بداتەوە. ئەمەش بەزۆری دەکەوێتە ئەستۆی وولاتانی رێکخراوی ئۆپیكو بەدیاریکراوی دەبێت وەبەرهێنان لەکێڵگە نەوتیەکانی ئێران، عێراق، کوەیت، سعودیە، جەزائیر، ئەنگۆلا، لیبیا، نەیجیریا، فەنزویلا زیادبکات بەمەبەستی دابینکردنی ئەو داخوازیانە.

بەڵام هۆیەکانی چوونەسەری داواکاری لەسەر نەوتی خاو تەنها بۆ فاکتە ئابووریەکان لەچەشنی گشەی وولاتانی وەکو چینو هندستانو وولاتە پیشەسازیەکانی تری دنیا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بارودۆخی جەنگو ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی ترو شەڕی ناوخۆ لەوولاتانی نەوتیو ....تاد چەند فاکتەری ترن بۆ چوونەسەری تێکڕای داواکاریەکان. هەر جەنگێك کەهەڵدەگیرسێ چەند بەرابەر بەکارهێنانی نەوتی خاو زیاددەکات، داینەمۆی جەنگ جوڵانی بەردەوامی تانکەکانو کەشتیە زەبەلاحەکانو پەرەسەندنی

هاتوچۆی زەمینی و ئاسمانی و بەکارهێنانی نائاسایی نەوتە وەکو هۆی گەرمکەرەوەو هۆی حەوانەوەو.....تاد. لەمبارەیەوە دەکرێ بارودۆخی جەنگ لەعێراق و ئەفغانستان بەنموونە وەربگرین. هەر سەربازێکی ئەمریکا لەعێراق و ئەفغانستان ڕۆژانە ١٦ گالۆن نەوت بەکاردەهێنێ جا چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەرێگەی بەکارهێنانی هامەرەکان و تانکەکان و ترێلەو هێلیکۆپتەرەکان وەیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەرێگەی بەشداری لەگورزە ئاسمانیەکاندا، ئەم ڕێژەیە بەکردارێکی لێکدان لەگەڵ ١٦٠ هەزار سەربازدا لەعێراق، ٢٤ هەزار سەرباز لەئەفغانستان، ٣٠ هەزار لەناوچەکانی دەوروبەر (لەوانەش سەربازانی هێزی دەریایی لەکەنداوی فارسدا) دەکاتە ٣,٥ ملیۆن گالۆن نەوت لەرۆژێکدا، ئەمە پێداویستی رۆژانەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکایە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر ئەو پێویستیە رۆژانەیە لەگەڵ ٣٦٥ رۆژدا لێکبدەین ساڵانە دەکاتە ١,٣ ملیار گالۆن نەوت، کەئەمەش گەورەترە لەبەکارهێنانی ساڵانەی وڵاتێکی وەکو بەنگلادیش کەدانیشتوانەکەی ١٥٠ ملیۆنە"[*٥].

## هەڵچۆڕینی نەوت و چاڵە نەوتە زەبەلاحەکان

هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ەوە تیۆری هەڵچۆڕین وەیان ووشکبوونی چاڵە نەوتەکان ( peak oil theory) بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لەرابردوو رەواجی پەیداکرد. ڕاستە هەمووان دەزانین کەنەوت، درەنگ یان زوو، لەهەڵچۆڕیندایە، ئەو چاڵە نەوتانەی دەیان ساڵە نەوتیان لێدەردەهێنرێ بەرە بەرە بەرەو وشکبوون دەچن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کەئایا پرۆسەی هەڵچۆڕینی نەوت لەچ کاتێکدا دەست پێدەکات؟ بەدیاریکراوی جیهان چ کاتێك پێدەنێتە قۆناغی کەمبوونەوەو هەڵچۆڕینی نەوتەوە؟ لێرەدا بواری چوونە ناو شیکردنەوەو راڤەکردنی ئەو تیۆریەمان نیە بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرەوە تایبەتەکانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان کەقۆناغی هەڵچۆڕینی نەوت بەبێ گەڕانەوە دەستی پێکردووە. بەڵام رەنگە پوختترین راپۆرت لەو بارەیەوە لەلایەن (**Simmons & Company International**) پێشکەش کرابێ کەبانکێکی وەبەرهێنانی تایبەتە لەهۆستن-تکساسی ئەمریکاو تایبەتمەندە بەشیکردنەوەی سەرچاوەکانی ووزەو وەبەرهێنان لەو بوارەداو راوێژکاری دارایی زۆربەی کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەکانی جیهانە. ماسیۆ.ئار. سیمون (***Matthew R. Simmons***) لەبارەی هەڵچۆڕینی نەوتەوە لەووتاری "چاڵە نەوتە زەبەلاحەکانی جیهان"دا دەنوسێت: بەشێکی زۆری ئەو ووزەیەی جیهانی ئەمڕۆ پشتی پێدەبەستێت بەزۆری لەنەوتەوە وەردەگیرێ، خودی ئەم نەوتەش لەچەند چاڵەنەوتێکی زەبەلاحەوە دەردەهێنرێ، کەزۆربەیان تەمەنیان خەریکە بەسەردەچێ".[*٦]

سیمۆن دەنوسێ: ٤٠٠٠ هەزار چاڵە نەوتی بەرهەمهێنی چالاك لەجیهاندا هەیە، ئەم کێڵگانە ٦٨ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لەرۆژێکدا بەرهەمدەهێنن"، "زۆربەی ئەو کێڵگانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بچووکن بەجۆرێك کەدەکرێ بووترێ بەشێوەیەکی مامناوەندی لەرۆژێکدا هەر کێڵگەیەك لەوانە ٢٠ هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنێ، بەڵام تەنها لە (٣٪)ی ئەو کێڵگانە نیوەی بەرهەمەکانی نەوتی جیهان دابین دەکەن"، "ئەو لەسەدا سێیە کێڵگە نەوتیە زەبەلاحەکانن کەرۆژانە بەرهەمەکانیان لە١٠٠ هەزار بەرمیل زیاترە". زۆربەی ئەو کێڵگە نەوتیە زەبەلاحانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و بەدیاریکراوی لەنیمچە دورگەی

عەرەبی و لەئێرلەندایە. ١٩ کێڵگەی نەوتی زەبەلاحی ئەم ناوچەیە لەئێستادا ١٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێ واتە ٢٢٪ی هەموو پێداویستی جیهان. کێڵگەکانی‌تر کەوتوونەتە ١٨ وولاتی ترەوە کەلەدەرەوەی رێکخراوی ئۆپیك بەرهەم دەنێرنە بازارەکانی جیهان لەچەشنی روسیا، کەنەدا، چین، مەکسیکۆ، نەرویج، ئەمریکاو...تاد).

## گرانی سەرچاوەی بەدیل و هەرزانی تێچوونی نەوتی خاو

رۆژ لەدوای رۆژ ئەو راستیە زیاتر روونده‌بێتەوە کەپیشەسازی نەوت و بەکارهێنانی وەکو سەرچاوەیەکی ووزە نەك هەر مەترسی بۆ سەر ژینگەی ناوچە نەوتیەکان و ژینگەکانی دەوروبەر هەیە بەڵکو لەوەش خراپتربووە بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دیاردەی گەرمبوونی گۆی زەوی (الاحتباس الحراري) و تێکچوونی ئاووهەوای ئەم هەسارەیە و نالەباربوونی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.
ئەمرۆ بێ یان سبەی کۆمەڵگای جیهانی دەبێت بەشێوەیەکی دروست و بەبەرنامە دەست لەم سەرچاوەیە هەڵبگرێ و سەرچاوەی پاك بكات بەبنەما بۆ بەدەستهێنانی ووزە و ئینرژی، ئەگینا مرۆڤ بەدەستی خۆی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە لەناودەبات و بەشێکی زۆری ئەو ووشکانیەی لەسەری دەژی دەکات بەژێر ئاوەوەو بەشێکی تری دەکات بەبیابان و ...تاد. بەو پێیە نەك هەر ژیان لەنەوەکانی ئێستا دەبێ بەدۆزەخ بەڵکو هەسارەیەکی چۆڵ و وێران بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێدەمێنێت..
بەهەرحاڵ ئەمرۆ لەسایەی کۆمەڵگایەکدا کەسەرمایەو قازانج بزوێنەرێتی و هێشتا نەوت لەبەر هەرزانیەکەی و قازانجە زۆرەکەی بۆ دەوڵەت و کۆمپانیاکان لەپێشەوەی هەموو سەرچاوەکانی تری ووزەیە و سەرچاوە پاك و تەندروستەکانی تر بۆ بەرهەمهێنانی ووزە لەچەشنی خۆر، ئاو، هەوا، نەبووە بە بەدیلی ئەم سەرچاوەیەو بۆ دەسکەوتنیان سەرمایەو خەرجی زیاتر پێویستە، لەبەرئەوە هێشتا جیهان ناچارە کرنۆش بۆ نەوت وەکو کالایەکی ستراتیژی بەرێ و وەکو بتێکی گەورەی جیهانی بیپەرستێ، هێشتا تینوێتی بۆ نەوت ناشکێ و وولاتە پیشەسازیە گەورەکان و تازەگەشەکردووەکان ناچارن هەڵپەکانیان بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەو سەرچاوەیە زیادبکەن، بۆیە لەم قۆناغەدا جیهان شاهیدی پەرەسەندنی زیاتری ناکۆکی و ململانێکانی نێوان وولاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکانە بۆ دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی ووزە بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی رۆژهەلاتی ناوەراست و هاوکات پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی ناوخۆی وولاتانی نەوتی بۆ وەلامدانەوەی ئەو گوشارانەو خۆگونجاندن لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمپانیا جیهانیە زەبەلاحەکاندا.
لەراستیدا هۆیەکی سەرەکی پەرەسەندنی ململانێی ئابووری لەم ناوچەیەدا لەنێوان وولاتانی زلهێزی جیهانیدا لەدەوری ئەم تەوەرەیە دەسورێتەوە. چین تینوێتی بۆ نەوتی رۆژهەلاتی ناوەراست زیاتر لەرابردوو زیادیکردووە و مەترسیەکانی دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت دەخاتە ئەستۆی خۆی. "هاوپەیمانی شەنگهای" هەوڵێکی ئەو وولاتەیە بۆ دەستگیربوون لەنەوتی ئاسیای ناوەراست و ئێران و لەویشەوە بۆ نیمچەدوورگەی عەرەبی، کۆمپانیاکانی وولاتی چین بوون بەرکەبەرێکی گرنگی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت لەچەشنی ئیسکۆن و شیل و ئەوانی تر. ئەگەر لەرابردوودا حەوت کۆمپانیای جیهانی نەوت کەبە حەوت دەستەخوشکەکە (big sisters) ناسراون قۆرخی بازاری جیهانی نەوتیان کردبوو،

ئـەمڕۆ ئـەو مەسـەلەیە گـۆڕاوەو چـەندین کۆمپانیـای جیهـانی تـر هاتوونەتـە بـازاڕی رقەبـەری و کێبەرکێکانەوە.

لـەم چوارچـێوەیەدایە کـەعێراق و ئێـران و وڵاتـانی نیمـچە دوورگـەی عـەرەبی گرنگـی ئـابووری و جیۆپۆلیتیکیان زیاتر دەبێ و هەژمونی لەم وڵاتانەدا تەوەرەیەکی گرنگی ستراتیژی سیاسی و ئابوری و سەربازی ئەو وڵاتانەو کۆمپانیاکانیانە، هەر لەم بارودۆخەشدایە نەوتی عێراق و کوردستان گرنگیەکی ستراتیژی و جیۆسیاسی هەیەو ململانێکانی ئەم بوارە یەکێك لەململانێ هەستیارەکانە کەچارەنوسی ئەم ناوچەیە بەتەواوی دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

* * *

## عێراق و کوردستان و چاڵە نەوتە زەبەلاحەکان

بەپێی سەرچاوەکان زەخیرە نەوتیە دڵنیاو سەلمێنراوەکانی عێراق (جگەلە گازی سروشتی کەعێراق نزیك بە ٩٠٠ بلیۆن مەتر موکەعەب زەخیرەی هەیە) ١١٥ ملیار بەرمیل نەوتەو عێراق لەدوای سعودیەو ئێران پلەی سێیەمە لەزەخیرە نەوتیەکاندا، بەڵام ئەم ئامارانە پترۆ جیۆلۆجیانە لەمێژە ئەنجامدراون و بۆ سێدەیە لەمەوپێش دەگەڕێتەوە کەبەپێی تەکنیکی کۆن و داتای سیسمیك 2-D ئەنجامدراوەو لەساڵی ٢٠٠١ەوە تازەنەکراوەتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوە تازەکانی چەند ساڵی رابردوو "جیۆلۆجیستەکان و راوێژکارەکان بەخەمڵاندنێکی‌تر گەیشتوون و لەو باوەڕەدان کە ٤٥ –١٠٠ملیار بەرمیل زەخیرەی نەوتی تر لەخۆرئاواو باکوری خۆرئاوای بیابانەکانی عێراقدا هەبێت، هەرچەندە خەمڵاندنی پسپۆڕە عێراقیەکان زۆر لەوەزیاترەو پێیان وایە سەدان ملیار بەرمیل نەوتی زەخیرە هەیە"[*٧]

هەروەها لە ٢٢ ئایاری ساڵی ٢٠٠٢دا جێگری وەزیری نەوتی عێراق لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ (پلاتس: platts) سەنتەری پیشەسازی ووزەی جیهانی رایگەیاند کە "ئەگەر هەموو عێراق بپشکنین ئەوە ئێمە زیاتر لە٣٠٠ملیار بەرمیل نەوتمان هەیەو عێراق یەکەم وڵاتە بۆ زەخیرە نەوتیەکان لەجیهاندا"[*٨].

تاکاتی ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیەش عێراق تەنها لە٣٠٪ی خاکەکەی پشکنینی پترۆجیۆلۆجی بۆ کرابوو.

بەڵام هەر بەپێی داتاکانی پێشوو (جگەلەگازی سروشتی کەبەپێی سەرچاوەکان عیراق نزیك بە ٩٠٠ بلیۆن مەتر موکەعەب غازی هەیە) عێراق ٩ بیری نەوتی سۆپەر زەبەلاحی هەیە واتە ئەو بیرانەی کەزیاتر لە ٥ملیار بەرمیل نەوتیان تێدایە لەچەشنی باکوری رومەیلە (١٠ملیارە بەرمیل)، باشووری رومەیلە( ٧ملیار بەرمیل)، رۆژئاوای قەرنە (١٥–٢١ ملیار بەرمیل)، الزوبەیر( ٥ ملیار بەرمیل)، مەجنون (٢٠ملیار بەرمیل)، کەرکوك(١٠ ملیار بەرمیل)، رۆژهەڵاتی بەغداد (٨ ملیار بەرمیل)، و ئیبنعومەر(٦ملیار بەرمیل)، ....تاد، هەروەها ٢٢ بیرە نەوتی زەبەلاحی تری هەیە کەهەریەکەیان لە٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت زیاتر نەوتیان تێدایە. لەم رێژەیە تەنها لە٢٠٪ی زەخیرە نەوتیەکان لەباکووری عێراقدایە لەنزیك کەرکوك و خانەقین و موسڵ.

بەپێی داتاو خەمڵاندنەکانی پێشوو کەمتر لە١٪ ی زەخیرە نەوتیە دۆزراوەکانی عێراق لەو ناوچانەدایە کەلەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام سنورداربوونی دۆزینەوەی سەرکەوتووانەی

نەوت لەو ناوچەیەداو پێکهاتە جیۆلۆجیە هاوشێوەکان ئومێدی بەخشیوە بەحکومەتی هەرێم لەمبارەیەوە"[*٩]

بەڵام بەپێی ووتەی "ئاشتی هەورامی" وەزیری سامانە سروشتیەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەری زۆر هەیە کەکوردستان نزیك بە٢٥ ملیار بەرمیل نەوتی زەخیرەو ١٠٠ تریلیۆن مەتر موکەعەب گازی سروشتی هەبێ.[*١٠]

کەرکوك بەتەنها ١٠ ملیار بەرمیل نەوتی زەخیرەی هەیە، هەورامی پێی وایە کە٢٠ملیار بەرمیل نەوت لە"ناوچە ناکۆکەکاندا" هەیەو بەوپێیە ئەگەر تەقدیراتەکانی ئاشتی هەورامی دروست بن (هەرچەندە بەپێی زانیاریەکانی من هێشتا هیچ دەزگایەکی جیهانی باوەڕپێکراو ئەو داتایانەی پشتڕاستنەکردۆتەوە!) ئەوە هەرێمی کوردستان بەناوچە ناکۆکەکانەوە کەهەژموونی بەسەردا هەیە نزیك بە٥٥ ملیار بەرمیل نەوتی لەژێردەستدایە کەگەورترین وولاتی بەرهەمهێنەری نەوتی ئەفریقا واتە نەیجیریا ئەو بڕە نەوتەی نیە.[*١١]

بەهەرحاڵ ئەگەر پشکنین و دۆزینەوەکانی داهاتووش وێڵ بکەین ئەوە بەپێی ستانداردەکان بیرە نەوتیەکانی تەق تەق(شیواشۆك) لەچاڵە نەوتە زەبەلاحەکانە چونکە ١,٢ ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە، ئەگەر کۆمپانیای TTopco هەڵکەندن و پەرەپێدانی بیرە نەوتیەکانی خۆی تەواوبکات ئەوە دەتوانێت رۆژانە ٧٥ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمی هەبێ، بەپشت بەستن بەم بەرهەمەو بەرهەمی بیرەکانی تر حکومەتی هەرێم دەیەوێت ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوت تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بەرهەم بهێنێ و ئەو رێژەیە بگەیەنێت بە ١ ملیۆن بەرمیل لە ٥ ساڵی داهاتوودا.[*١٢]

بەوپێیە مەسەلەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی عێراق و یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەسەروەت و سامانێکی گەورەی ئەم وولاتەوە هەیە کەلەئێستادا ساڵانە واتە دەیان ملیار دۆلارو لەداهاتووشدا واتە بە دەیان تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چاویان تێبڕیوەو لەسەر ئاستی ناوخۆش بووە بەسەرچاوەی ململانێ و کێبەرکێ لەسەر دەستبەسەراگرتنیان..

تائەو شوێنەی بەیاسای نەوتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە باسکردن لەبەرهەمهێنانی ١ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا واتە باسکردن لەسەروەت و سامانێکی زۆر کەساڵانە بەدەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.. لەم سۆنگەیەوە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان یەکێك لەیاسا هەرە گرنگەکانی ئەم هەرێمەو عێراق و ووربوونەوە لێی و باسکردن لەبڕگەو ناواخنەکانی زۆر گرنگن بۆ چارەنوسی ئابووری و سیاسی داهاتوومان..

* * *

## نەوتی عێراق و گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان

بەپێی ماددەی ١١١ لەدەستوری هەمیشەیی گەلی عێراق خۆی خاوەنی سامانە سروشتیەکانی خۆیەتی لەچەشنی نەوت و گازو کانزاکان و ئاوو ئەوانی تر. لەم دەستوورەدا هاوشێوەی هەموو دەستوورەکانی وولاتانی نەوتی دنیا(جگە لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) زەخیرە نەوتیەکان وەکو موڵکی تەواوی

دەوڵەت تۆمارکراون. بەڵام بوونی ماددەیەکی لەو جۆرە هێشتا یەکسان نیە بەوەی کەخەڵک خۆی خاوەنی سامانە سروشتیەکانە، هێشتا ئەوە تەنها خاوەنداریێتی یاسایی و حقوقی دیاریدەکات نەك شتێکی تر.. بۆیە ئەوەی گرنگە ماددەیەکی لەم جۆرە نیە، بەڵکو دیاریکردنی چۆنێتی و شێوەی بەرهەمهێنان و دەرهێنان و گەشەپێدانی سامانە سروشتیەکان و دامەزراوەکانێتی، وەهەروەها چۆنێتی دابەشکردنی داهاتی وەدەستهاتووە لەفرۆشتنی ئەو سامانانە لەچەشنی بەرهەمە نەوتیەکان. لەم روەوە یاسای نەوت و گازی سروشتی و ئەو گرێبەستانەی کەمۆردەکرێن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت و گازدا بایەخی زۆریان هەیەو دەکرێ بەپێی ئەو یاسایەو بەپێی گرێبەستێکی دیاریکراو خاوەنداریێتی دەوڵەت بۆ سامانە نەوتیەکان تەنها مەسەلەیەکی شکڵی و مەرەکەبی سەر کاغەز بێت و لەکردەوەدا کۆمپانیاکان خاوەنی ئەو سەرچاوانە بن و دوابڕیار بۆ ئەوان بگەڕێتەوە.

بەپێی گرێبەستەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم (گرێبەستە نایابەکان–عقود امتیاز ) مڵکایەتی سامانە سروشتیەکان موڵکی کۆمپانیاکان بوو، لەبەرامبەردا پشکێك بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالکراو (وەکو باج و مافی موڵکداریێتی) دیاریدەکرا لەبری نەوتی دەرهاتووی وولات.. کەم و وەیان زۆری ئەو پشکە بەسترابۆوە بەبارودۆخی سیاسی و ئابوری ئەو وولاتانەو توانای ململانێ و خۆسەپاندنیان بەسەر وولاتە زلهێزەکانی جیهان و کۆمپانیاکانیاندا کەسەرمایەو شارەزایی و تەکنەلۆجیای پێویستی ئەم بوارەیان قۆرخکردبوو. ئەوەندەی بەعێراق دەگەڕێتەوە لەساڵی ١٩٢٥ بەدواوە بەپێی گرێبەستە نایابەکان نەوتی ئەم وولاتە بوو بەموڵکی کۆمپانیا بیانیەکان و ئەم بارودۆخە تاکو ساڵی ١٩٦٠ درێژەی کێشا، لەدوای ئەم ساڵەوە یەکەمین هەنگاوەکان بۆ کۆنترۆڵی نیشتمانی نەوت و خۆماڵیکردنی لەچوارچێوەی یاسای ژمارە ٨٠ی ساڵی ١٩٦١دا درێژەی کێشا. نەك هەر لەعێراق بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا بەتایبەتی لەوولاتە نەوتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەپۆلێك لەخۆماڵیکردنی نەوت و کۆتایهێنان بەو گرێبەستانە دەستی پێکرد هەر لەڤەنزویلاوە تاکو وولاتانی وەکو لیبیاو ئێران و ئەوانی تر.... عێراق لەم بوارەدا دەستپێشکەری زیاتری کردو بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت لەتەمووزی ساڵی ١٩٧٢دا دەرچوو.[*١٣]

لەدوای دامەزراندنی رێکخراوی ئۆپیك لەساڵی ١٩٦٠و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی خۆماڵیکردنەکان و پەسەندکردنی رێککەوتننامەی تاران، "گرێبەستە خزمەتگوزاریەکان" (کەئەوانیش چەند جۆرێکیان هەیە) بوون بەبناغەی پەیوەندی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت، بەپێی ئەم گرێبەستانە سامانە سروشتیەکان لەدەستی دەوڵەت و دام و دەزگاکانیدا بەتایبەتی لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی نەوتدایەو کۆمپانیا بیانیەکان لایەنێکی تەکنیکی و خزمەتگوزارن لەبواری دۆزینەوەو هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و پەرەپێدانی پیشەسازی ئەو کەرتەدا. هەرچەندە لە گرێبەستە خزمەتگوزاریەکانیشدا رادەی قازانجی کۆمپانیاکان و ماوەی گرێبەستەکان جیاوازن بەڵام هەرچۆنێك بێت لەبەرئەوەی بڕیاری سەرەکی لەدەستی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیا دەوڵەتیەکاندا دەمێنێتەوەو بەهۆی کورتی ماوەی گرێبەستەکانەوە دەکرێ دەوڵەت مەرجەکان بگۆڕێ و بەمرونەتی زۆر زیاترەوە مەرجەکان و بڕیارەکانی خۆی بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێ و زەمینە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستانە، ئەگەر بزانێت لەقازانجیدا نیە، فەراهەم بکات[*١٤]

بە لەدەستچوونی دەسەڵات و هەژموونی کۆمپانیا جیهانیەکان بەسەر سامانە نەوتیەکانی جیهاندا هەوڵ و تەقەلای تر لەشکڵ و شێوازێکی تردا بۆ گێڕانەوەی ئیمتیازات و مافەکانی پێشوو دەستی پێکرد. لەم چوارچێوەیەدا گرێبەستەکانی "هاوبەشی بەرهەمهێنان" (Product sharing contract) هاتەناوەوەو وەکو فۆرمێکی نوێ داڕێژران.

ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستە بەتایبەتیکردنی سامانە سروشتیە نەوتیەکانە (privatization) و سپاردنێتی بەپلەی یەکەم بەکۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکاندا، وەدەست ئاوەڵاکردنی کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکانە بۆ دەستبەسەراگرتنی سەرچاوە نەوتیەکان و بەدەستهێنانی قازانجی خەیاڵی لەبواری دۆزینەوەو بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی بیرەنەوتەکان لەماوەیەکدا کە ٢٥ تاکو ٤٠ ساڵ دەخایەنێت.*[١٥]

ئەم گرێبەستە نوێیە لەرواڵەتدا پێچەوانەی گرێبەستە نایابەکانی پێشووە، لەبەرئەوەی بنەمای ئەم گرێبەستە سەلماندنی ماف و خاوەندارێتی وڵاتانی خاوەن نەوت بوو بۆ سامانە سروشتیە نەوتیەکانی خۆیان، دەوڵەت لەم گرێبەستانەدا لەرووی یاساییەوە خاوەن نەوتی خۆیەتی، بەڵام لەناوەڕۆکدا گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەت و ڕەهەندەکانی گرێبەستە نایابەکان بوو، چونکە وەکو پێشوو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت مەرجە خۆسەپێنەرەکانی خۆیان بۆ ماوەی دەیانساڵ لەچوارچێوەی ئەو گرێبەستانەدا سەقامگیردەکەن و بەکردەوە پشکی سەرەکی قازانج لەبەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوتدا بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، هاوکات هەر لەدوای واژووکردنی ئەم گرێبەستەوە زەخیرەی نەوتی ناوچەی مەبەست دەبێت بەرەسیدو سەرمایەی کۆمپانیاو نرخ و بەهای پشکی کۆمپانیاکانی نەوت لەبازاڕی بۆرسەی نێودەوڵەتیدا دەباتەسەر.

بەپێی ئەم گرێبەستە کۆمپانیای مەبەست هەڵدەستێت بەدابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ وەبەرهێنان لەبواری دۆزینەوەو پشکنینی نەوتدا، دواتر سەرمایە بۆ هەڵکەندنی بیرو دامەزراندنی ژێرخانی پێویست، دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغەو دەستپێکردنی بەرهەمهێنان نەوتی دەرهاتوو (کەزۆر جار پێی دەوترێ: نەوتی خەرجکراو) لەسەرەتادا تەرخان دەکرێ بۆ قەرەبووکردنەوەی خەرجیەکان و سەرمایەی وەبەرهاتوو، دوای ئەم قۆناغە "نەوتی قازانج" دەست پێدەکات کەتیایدا هەریەك لەکۆمپانیای مەبەست و دەوڵەت ئەو قازانجە لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەن هەر لایەك بەپێی ئەو پشکەی کەلەرێککەوتنەکاندا بۆی دیاریدەکرێ. کەمو زۆری پشکی لایەنێك لەلایەنەکان پەیوەندی بەهاوسەنگی هێزو رادەی شارەزایی ئابووری و تەکنیکی هەر لایەکەوە هەیە.*[١٦]

بۆ یەکەمجار ئەم جۆرە گرێبەستە لەووڵاتی ئەندەنوسیادا لەساڵی ١٩٦٠دا مۆرکراو دواتر لەهەندێك ووڵاتی تردا دووبارەبۆوە. ئەو ووڵاتانەی ملکەچی ئەم جۆرە گرێبەستەبوون یان بەئەزمەو قەیرانێکی سیاسی قووڵدا تێپەڕیوون لەچەشنی روسیاو کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستی یەکێتی سۆفیەتی پێشوو کەراستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری ووڵاتە زلهێزە جیهانیەکان و کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەکانەوە، وەیان لەناچاریداو لەبەر نەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ دۆزینەوەو دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لەشوێنە سەختەکاندا لەچەشنی ژێر دەریەکان و قووڵایی لەرادەبەدەری بیرەکان و ئەگەرو مەترسی ئەوەی نەوتی

پوخت لەپرۆسێسەکەدا چنگ نەکەوێت ملکەچی ئەم جۆرە گرێبەستەبوون و ناچاربوون سامانە نەوتیەکانیان بۆ کۆمپانیا بیانیەکان تەرخان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا تەنها لە١٢٪ی گرێبەستەکانی دنیا گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنانن و ئەو وڵاتانەیشی کەئەو گرێبەستانەیان مۆرکردووە بەملیارەها دۆلار زەرەرمەندبوون و لەهەوڵی ئەوەدان بەشێنەیی مەرجە دیلهێنەرەکانی بگۆڕن و پاشەکشە بەدەسەڵاتی کۆمپانیاکانی نەوت بکەن و سەرەنجام گرێبەستەکە پووچەڵبکەنەوە. ئەم هەنگاوانە لەلایەن روسیاوە ماوەی چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە.*[١٧]

تائەو شوێنەی بەعێراق دەگەڕێتەوە کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت (لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٦٠ بەدواوە لەدەرگاوە کرانەدەرەوەو لەدوو قۆناغدا گرێبەستە دیلهێنەرەکانیان هەڵوەشێنرایەوە) هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی عێراقدا خوازیاری گێڕانەوەی ئیمتیازەکانی پێشووی خۆیان بوون. بەڵام لەبەرئەوەی هەڵوشانەوەی خۆماڵیکردنی نەوت یەکێك لەمەسەلە سیاسیە هەستیارەکانەو راستەوخۆ ئەو تۆمەتەی بەسەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا ساغدەکردەوە کەبۆ بەتاڵانبردنی نەوتی عێراق هاتوون، لەبەرئەوە هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ هاتنەژوورەوە لەپەنجەرەکانەوە دەستیپێکرد. ناوەڕۆکی ئەم هەوڵانە لەچوارچێوەی دارشتنی یاسای نوێی نەوت و گازی فیدراڵی عێراق و شەرعیەتپێدانی گرێبەستەکانی "هاوبەشی بەرهەمهێنان" دەستی پێکرد.

لەبەرئەوەی ئەم جۆرە گرێبەستە قازانجێکی خەیاڵی بۆ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت مسۆگەر دەکات و هەژموونی ئەو کۆمپانیایانە بەسەر بیرەنەوتەکانی عێراقدا بۆ ماوەی دەیانساڵ درێژدەکاتەوە لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکاو بەریتانیا خوازیاری بەیاساییکردن و واژووکردنی ئەم جۆرە گرێبەستەبوون لەعێراقداو گوشاریان هێناوە بۆ ئەوەی یاسای نەوت و گازی نوێی عێراق شەرعیەت بەواژووکردنی ئەم جۆرە گرێبەستانە بدات.. لەمبارەیەوە زۆربەی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت لەچەشنی "شیل، بریتش بترولیوم، کۆنکۆ فیلیبس، واکسون موبیل، شیفرون تکساکۆ لەچوارچێوەی راپۆرتی (سەنتەری نێودەوڵەتی باج و وەربەرهێنان)دا لەپایزی ساڵی ٢٠٠٤ دا بەناونیشانی (نەوت و داهاتووی عێراق: هەڵبژاردنەکان و بەرەنگاریە داراییەکان) رایانگەیاند کە"باشترین فۆرمی یاسایی گونجاو بۆ ئاسانکاری (وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ) بەمەبەستی پەرەپێدانی درێژماوەی پیشەسازی نەوتی عێراق گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنانە".*[١٨]

## رەشنوسی یاساکانی نەوت و گازی کوردستان و عێراق و نەخشەی دابەشکردنی نەوتی ئەم وڵاتە..

هەر بەهەمان ئاراستە بۆ یەکەمجار رەشنوسی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری دامەزراوەی (PFC energy advisor)ی ئەمریکیەوە بەزمانی ئینگلیزی نوسراو لەسەر پێگەی ئەلەکترۆنی حکومەتی هەرێم لە٢٢ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا بڵاوکرایەوە (ئێستاشی لەسەر بێت ئەو رەشنوسەم بەزمانی عەرەبی بەرچاونەکەوت و پێم وابێت بۆ زمانی عەرەبی و کوردی وەرنەگێڕدرا). ئەو رەشنوسە سەرەتاییە باسی لەگرێبەستی "هاوبەشی بەرهەمهێنان" کردو بەرۆشنی نیەت و هیوای کۆمپانیا جیهانیەکانی بۆبەستنی گرێبەستی لەم چەشنە لەهەرێمی کوردستاندا بەرجەستەکردو وەکو کارتێکی گوشار بۆ سەر حکومەتی فیدراڵی راکێشرا. ئەو رەشنوسە پەیامێك بوو بۆ حکومەتی فیدراڵی

کەئەگەر رەزامەندی لەسەر داڕشتنی یاسایەکی نوێی گازو نەوت دەرنەبڕێت ئەوە لەهەرێمی کوردستاندا ئەو یاسایە کاری پێدەکرێت..*[١٩]

ئەم رەشنوسە لەکاتێکدا ئامادەکرا کەحکومەتی فیدراڵی عێراق هێشتا پرۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئامادەنەکردبوو، تەنها چەند مانگێك دوای ئەوە بۆ یەکەمجار رەشنوسێك ئامادەکرا بەچوار پاشکۆوە واتە لە١٥ کانوونی دووەمی ٢٠٠٧داو دواتر رۆژی ١٥ شوبات ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پەسەندی کردو رەوانەی کرد بۆ "ئەنجوومەنی شورای عێراق" بۆ پیاچوونەوەو بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانیش (پەرلەمانی فیدراڵی) بۆ دەنگدان لەسەری. رەشنوسی فیدراڵی جەدەل و مشتومڕو هەڵایەکی گەورەی نایەوەو بەتایبەتی لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باشوورو سەندیکای کرێکارانی نەوتەوە کەزیاتر لە٢٦ هەزار ئەندامی هەیە بەسەختی دژایەتی کرا.*[٢٠] هەروەها هاوپەیمانی کوردستانی کەئەو رەشنوسەی واژووکرد سەرەتا بەشێوەیەکی ناڕۆشن و دواتر بەرۆشنی لەمانگی نیسانی رابردوودا ناڕەزایەتی لەسەر ئەو رەشنوسە دەربڕی و لەوکاتەوە رێڕەوێکی سەربەخۆی بۆ پەسەندکردنی یاسای هەرێم دەستپێکرد. وەسەرەنجام کاتێك رەشنوسی فیدراڵی لەناو ململانێ و کێشەکانداو بەهۆی ناکۆکی لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لەپرۆسەی سیاسی و بەهۆی ئەو ناڕەزایەتیە گەورانەوە کەبەتایبەتی لەسەر گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان سەریهەڵدا بەهەڵواسراوی مایەوەو دوای گۆڕینی چەندین رەشنوس و خستنەڕووی چەندین رەشنوسی جیا جیا سەرەنجام حکومەتەکەی مالیکی و ئەنجوومەنی نوێنەران دەستبەرداری هەموو ئەو رەشنوسانە بوون و خستیانە سەر رەفەکان..

کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت گوشارو ململانێیان بەردەوام بوو بۆ بەستنی گرێبەستەکان بۆیە وەك وەڵامێك وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ چاوەڕێی یاساکەی نەکردو کەوتە ووتوێژو گفتوگۆ بۆ واژووکردنی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوتداو زنجیرەیەك کۆبوونەوەی نهێنی لەمبارەیەوە لەنێوان حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق و نوێنەرانی ئەو کۆمپانیایانەدا دەستی پێکرد.*[٢١]

هەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەپەلە کەوتە خۆی تاکو پشکی خۆی بپچڕێ و لەمبارەیەوە ئەویش کەوتە هەڵپەکردن و چاوەڕێی یاسای فیدراڵی نەکردو سەرەنجام رەشنوسی یاسای نەوت و گازی هەرێم لەپەرلەمانی کوردستاندا بەئەسپایی لە٦ ئابی ٢٠٠٧ دا بەژمارە (٢٨)پەسەندکراو نیچیرفان بەرزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم هاوڕێ لەگەڵ ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێم لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لە٧ی ئابدا رایگەیاند کەلەم رۆژە بەدواوە کورد بوو بەخاوەنی نەوتی خۆی (نەوتی خۆمان بۆ خۆمان)*[٢٢]

لەسەر ئەم بنەمایەشەوە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا چەندین گرێبەستی یەك لەدوای یەك واژووکران لەنێوان حکومەتی هەرێم و زیاتر لە٢٠ کۆمپانیای نەوت و گازی بیانی کەدواتر هەراو هەڵایەکی گەورەی نایەوە کەتاکو ئێستاش بەردەوامەو دواتر دەچینە سەر باسکردن و راڤەکردنیان.

هەڵبەتە لەبەرئەوەی کەچاڵە نەوتە زەبەلاحەکان و سوپەر زەبەلاحەکان (واتە ئەوانەی کە لە٥ ملیار بەرمیل نەوت زیاتریان تێدایە) زۆربەیان لەباشووری عێراقدان لەبەرئەوە زۆربەی کۆمپانیا نەوتیە

زەبەلاحەکان چاویان بڕیوەتە باشووروو بردنەوەی گرێبەستەکانی ئەو ناوچەیە، هەرچی هەرێمی کوردستانە(کەئێستا بەشێوەیەکی فەرمی تەنها سێ پارێزگا دەگرێتەوە) لەم گەمە سیاسیی و ئابوورییە گەورەیەدا ئەکتەرێکی سەرەکی نیە. سەبارەت بەو ناوچانەی کەبە "ناوچە ناکۆکەکان" ناودەبرێن و هەندێکیان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان کۆمپانیا گەورەکان هێشتا ئامادەنین سەرمایەکانیان بخەنەگەڕو ریسک و موغامەرە لەم بوارەدا قبووڵ بکەن. ئەم کارە بۆ کۆمپانیا بچوك و مامناوەندیەکان بەجێهێڵراوەو ئەوانن کەچاویان بڕیوەتە بردنەوەی گرێبەستەکان لەم ناوچانەو لەم هەرێمەدا.

بەوپێیە بەپێی راپۆرتی UPI (United Press International) لەبەرواری ٦ی دیسەمبەری ٢٠٠٧دا نەخشەی دابەشکردنی نەوتی عێراق لەنێوان سەرەکیترین کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوتدا لەدوایین کۆبوونەوەی وەزیری نەوتی عێراق لەگەڵ سەران و نوێنەرانی کۆمپانیاکانی نەوتدا لەشاری "ئەبوەزەبی" بەنهێنی بەڕێوەچووەو لەپەراوێزی کۆبوونەوەکانی سەرانی ئۆپیکدا حسین شەهرستانی وەزیری نەوت بەنهێنی لەگەڵ کۆمپانیای شیل shell و BP و ئەوانی تردا رێککەوتووە کەگرێبەستیان لەگەڵدا مۆربکات بەبێ ئەوەی پێویست بکات بەتەندەر بیان داتێ. لەمبارەیەوە ئەو راپۆرتە تیایدا هاتووە:

"خەونە گەورەکانی کۆمپانیا گەورەکان خەریکە دێتەدی، وەزیری نەوتی عێراق خەریکە گرێبەستەکان و رێککەوتننامەکانی تایبەت بەبیرو کێڵگە زەبەلاحەکانی نەوتی ئەو وڵاتە ئامادەدەکات بەپێی کۆمەڵێك مەرج کەهەرچەندە لەئاستی هیواو ئاواتەکانی کۆمپانیا گەورەکاندا نیە بەڵام هەنگاوێکی گرنگە بۆ چوونەژوورەوەو پێقایمکردن لەیەکێك لەباشترین کەرتەکانی نەوتی جیهانی ئەمڕۆدا" *٢٣

حسین شەهرستانی هەر بەهەمان سەرچاوە رایگەیاندووە کە گرێبەستەکان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا گرێبەستی خزمەتگوزاری و تەکنیکین و بەتەندەر نادرێت پێیان بەڵکو وەزارەتی نەوت خۆی کۆمپانیا مەبەستەکان هەڵدەبژێرێت و گرێبەست لەگەڵیاندا مۆردەکات.. دواتریش لەدرێژەی ئەو گفتوگۆیەدا شەهرستانی دانی بەوەدا ناوە کەگرێبەستەکان تایبەتن بەکێڵگە نەوتە سوپەر زەبەلاحەکان واتە ئەوانەی کەزیاتر لە ٥ملیار بەرمیل نەوتی زەخیرەیان تێدایە..

بەپێی هەمان سەرچاوە کۆمپانیای شیل کەلەساڵی ٢٠٠٥ ەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەی کەرکوکەوە کردووە خوازیاری بیرە نەوتەکانی ئەو شارەیە، هەرچی (Bp)یە خوازیاری بیرەکانی "رومەیلە"یە، شیل و BHP خوازیاری بیرەکانی عەممارەن، ئیکسۆن مۆبیل خوازیاری بیرەکانی زوبەیرە لەنزیك بەصرە، کۆنکۆ فیلیبس ConocoPhillips لەگەڵ وەزیری نەوتدا خوازیاری کێڵگە نەوتیەکانی "رۆژئاوای قەرنە" بووە، خودی ئەم کۆمپانیایەش لە ٢٠٪ی پشکەکانی کۆمپانیای لۆك ئۆیلی روسی خاوەنێتی کەکاتی خۆی لەگەڵ رژێمی بەعسدا گرێبەستی مۆرکردبوو. هەرچی شیفرۆن و تۆتاڵە ( Chevron and Total) خوازیاری کێڵگەکانی "مەجنون". *٢٤

بەڵام ئەم هەوڵانە هێشتا تینوێتی کۆمپانیا گەورەکان ناشکێنێ و بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و نەبوونی یاسایەکی تایبەتی نەوت کەدەسەڵاتی ئەوان بەسەر بیرو کێڵگە نەوتیەکاندا مسۆگەربکات مایەی نیگەرانیانە. رۆژنامەی وڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی (Wall Street Journal)

لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٧دا دەنوسێت "ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کۆمپانیا فرەرەگەزەکان نەبوونی ئەمنیەت وایکردووە هەموو کارو چالاکیەکی مەیدانی لەم بوارەدا زۆر سەخت و گرانبێ، بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کەلەدوای رووخانی رژێمەکەی صدام حسینەوە لەئاکامی پەلاماری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەساڵی ٢٠٠٣دا، هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی دانەڕێژراوە بۆ مۆرکردنی گرێبەستەکان تائەو دڵنیاییە ببەخشێت کەبەرۆیشتن و ئاڵوگۆڕی حکومەتەکان گرێبەستەکان هەڵناوەشێنەوە".

هەرچەند لەکوردستان ئەو چوارچێوە یاساییە بەپەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دارێژرا بەڵام حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی نەوت دانی پیادا نانێت و ئەمەش واتە دوورکەتنەوەی کۆمپانیا گەورەکان لەریسك و موجازەفە لەم بوارەدا، بۆیە هەمان رۆژنامە لەهەمان کاتدا دەنوسێت "هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا بەرێژەیەکی زۆر کەم بەشدارە لەتێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقدا، بەڵام بەرپرسە کوردەکان دەڵێن ئەو هەرێمە رێژەیەکی زۆر نەوتی نەدۆزراوەی لەخۆگرتووە، مەحاڵە ئاسۆی ئەو هەرێمە مەزەندە بکەین، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرێك لەکۆمپانیاکان، بچووك و گەورەکان، ئەوەیان دەربڕیوە کەرەنگە سبەی رۆژ لەوێ چالاکیەکانیان دەستپێبکەن."[*٢٥]

* * *

## یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان [*٢٦]

دوای ئەم روونکردنەوانە کاتی ئەوە هاتووە بچینە سەر خودی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و لێکدانەوەو دیاریکردنی گرنگترین تەوەرەکانی. سەرەتا دەبێت بپرسین، سەربەخۆ لەناڕەزایەتیەکانی حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی نەوتی فیدراڵ و لایەنەکانیتر، ئایا خودی ئەو یاسایە بەو فۆرم و ناوەڕۆکەی ئێستایەوەو ئەو گرێبەستانەی بەپشتبەستن بەم یاسایە واژووکراون لەبەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستانە یان لە بەرژەوەندی تایبەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان دایە؟ ئایا تاکو چەند بەکارهێنانی نەوت وەکو چەکێك لەبەرانبەر حکومەتی ناوەندیدا خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان و چارەسەری مەسەلەی کورد و ناوچە ناکۆکەکان دەکات؟ بۆ وەلامی ئەم پرسیارانەو گەلێك پرسیاری گرنگتر ئەبێت ئەو دەقی ئەو یاسایەو بڕگەو ماددەکان و دواتریش گرێبەستەکان شیبکەینەوە.

لەراستیدا چاوخشاندنێك بەناوەڕۆکی ئەو یاسایەدا بۆمان ڕووندەکاتەوە کەسێ تەوەرەی سەرەکی لەخۆگرتووە:

### یەکەم: گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان

پێشتر باسی گرێبەستەکانی "هاوبەشی بەرهەمهێنان"مان کرد و ئێستاش کاتی ئەوەیە بچینە سەر ئەوەی کەچۆن ئەو جۆرە گرێبەستە بووە بەناوەڕۆکی سەرەکی یاساکە..

ماددەی یەکەم بڕگەی ٢٩ دەڵێت: " گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان فۆرمێکی گرێبەستی نەوتیە کەلەلایەن وەزارەتەوە دەکرێ هەر ماوەجارێك بخرێتەڕوو وەگۆڕانکاری تێدابکرێ، ئەم گرێبەستە جگە لەمەسەلەکانیتر مەترسی ئابووری و تەکنیکی لەخۆدەگرێ کەدەبێت بەڵێندەر لەئەستۆی بگرێ لەبەرانبەر وەرگرتنی پشکێك لەبەرهەمەکان، کەئەویش دەبێت بەبنەمایەك بۆ ووتوێژەکانی تایبەت بەگرێبەستە نەوتیەکانی نێوان وەزارەت و ئەو کەسانەی ئارەزووی جێبەجێکردنی پرۆسێسە نەوتیەکان

دەردەبڕن". هەروەها لەماددەی ٢٤ دا بڕگەی دووەم دەڵێت :گرێبەستی نەوت پشت دەبەستێت بەگرێبەستەكانی هاوبەشی بەرهەمهێنان وەیان هەر جۆرە گرێبەستێكی تر كەوەزیر لەو باوەرەدابێت داهاتی زۆرتر بۆ خەڵكی هەرێم دابیندەكات ئەویش بۆ ماوەیەكی دیاریكراوو بەپێی ئەوەی كەلە بەشی ژمارە دەی ئەم یاسایەدا هاتووە".

بەشی دەیەم و ماددەكانی ئەو بەشە كەلەژمارە ٣٧ ەوە دەستپێدەكات تایبەتن بەو گرێبەستە.. ماددەی ٣٧ بەم جۆرە باس لەمەرجەكانی ئەو گرێبەستەو ماوەكەی دەكات:

یەكەم: گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان ئەم مەرجانە لەخۆدەگرێ: ١- ماوەی دۆزینەوە پێنج ساڵە كەدەكرێت بەدوو دەورەوە، دەورەی یەكەم ٣ ساڵەو دووەم ٢ ساڵ، دەشكرێ ئەو ماوەیە لانی زۆر بۆ ٧ ساڵ درێژبكرێتەوە" خاڵی چوارەمی هەمان ماددە دەڵێت :دوای كۆتایهاتنی ماوەی دۆزینەوە قۆناغی پەرەپێدان دەستپێدەكات كەماوەكەی ٢٠ ساڵە، ئەگەر بەڵێندەر ماوەیەكی زیاتری وویست ئەوە بەهەمان مەرج و پێوانەكانی تۆماركراو لەگرێبەستەكەدا بۆ ماوەی ٥ ساڵی تر درێژدەكرێتەوەو دەشكرێ ووتوێژ بەردەوام بێ بۆ درێژكردنەوەی بۆ دەورەیەكی تر". بەو پێیە ماوەی گرێبەستەكانی هاوبەشی بەرهەمهێنان بەهەموو قۆناغەكانیەوە لەحاڵەتی ئاساییدا ٢٥ ساڵە كەدەكرێ درێژبكرێتەوە (ئەویش لەسەر خواستی بەڵیندەر نەك بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوندیەكانی خەڵكی كوردستان) بۆ ٢٧ ساڵ وەیان ٣٥ تا ٤٠ ساڵی داهاتوو!

بەش وەیان پشكی كۆمپانیاكانیش لەم گرێبەستانەدا بەم جۆرە باسكراون:

خاڵی ٥ ی ئەو ماددەیە دەڵێت "رێژەی موڵكانە (royalty) لەرێژەی ١٠٪ كەمتر نیەو بەپێی ماددەی چل و یەكی ئەم یاسایە دەبێت بدرێت" واتە لەهەموو گرێبەستەكاندا حكومەتی هەرێم وەكو خاوەنی زەوی و بیرە نەوتیەكان ئەو رێژەیە وەردەگرێ، ئەوەی كەئایا ئەو رێژەیە نەگۆرە یان گۆڕاو بەستراوەتەوە بەنرخی فرۆشتنی نەوتەوە لەبازاڕدا، بەپێچەوانەی گرێبەستە نایابەكانی سەردەمی كۆلۆنیالیزمەوە لەم گرێبەستەدا پشكی دەوڵەت و ملكانەكەی بەپێی بازاڕ دەگۆڕێت، بۆیە لەمبارەیەوە ماددەی چل و یەك برگەی سێ دەڵێت "برەپارەی موڵكانە بەپێی نرخەكانی بازاڕی نەوت لەجیهاندا وەردەگیرێ" بەو پێیە ئەو گرێبەستانە هەرگیز زیانی بۆ وەبەرهێنەری بیانی نیە بەپێچەوانەی ئەو رێژە جێگیرەوە كەلەگرێبەستەی نایابەكاندا هەبوو.

جگەلەم پشكە كۆمپانیای مەبەست كاتێك ئەو گرێبەستە مۆردەكات ئیتر لەقۆناغی پەرەپێدانی بیرە نەوتەكانداو دوای دەستپێكردنی بەرهەم بەپێی هەمان ماددە-خاڵی شەشەم ٤٥٪ بەرهەمە نەوتیەكان (واتە بەرمیلە نەوتەكان) بۆ وەرگرتنەوەی سەرمایەی خەرجكراو تەرخان دەكرێت وە هەروەها ٦٠٪ی گازی سروشتی بۆ هەمان مەبەست.

هەرچی ئەو رێژەیە كەدەمێنێتەوە دوای برینی لە١٠٪ موڵكانە دەبێت بەنەوتی قازانج و لەنێوان حكومەتی هەرێم و كۆمپانیا ناوخۆییەكان و كۆمپانیای مەبەستدا (كۆمپانیای بیانی) بەپێی رێككەوتنی هەردوولا دابەشدەكرێت.

ئەو گرێبەستانەی مۆرکراون و تاکو ئێستا بڵاوکراونەتەوە باس لەرێژەیەکی خەیاڵی قازانج بۆ کۆمپانیاکان دەکەن، بۆ نموونە کۆمپانیای نۆرسك ئۆلیجیسیکای نەرویجی (DNO)و وایلد کەتەر ١٠-٣٠٪ی قازانجەکانی بەردەکەوێت و باقیەکەشی بۆ حکومەتی هەرێمە*٢٧

لەرەشنوسی فیدراڵی یاساکەدا گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان بەتەنها ناویان نەهاتووەو ئەو رەشنوسە ناوی گرێبەستەکانی تری هێناوەتە ناوەوە، بۆ نموونە لەماددەی نۆیەم-خاڵی ٥ دا هاتووە کە: "دەکرێ گرێبەستی نموونەیی گرێبەستی خزمەتگوزاری وەیان گرێبەستی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان بێت وەیان گرێبەستی موجازەفە بێت لەدۆزینەوەی نەوتدا" بەڵام لەیاسای هەرێمدا بەگشتی تەنها ناوی گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان (کەلەیاسای فیدراڵیدا وەکو گرێبەستی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان ناوی براوەو یەك شتن) هێناوەو هیچی تر..

بەوپێیە کۆمپانیای مەبەست دوای چەند ساڵێك بڕی سەرمایەی خەرجکراوی خۆی بەرێژەیەکی زۆر دەستدەکەوێتەوەو ئیتر قۆناغی قازانجی کۆمپانیا دەستپێدەکات. لەم قۆناغەدا بڕی ئەو نەوتەی کۆمپانیا وەکو نەوتی قازانج بۆ خۆی وەریدەگرێ بەلەبەرچاوگرتنی کەمی تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لەکوردستان و چوونەسەری بەردەوامی نرخی نەوت لەبازاڕی جیهانیدا دەبێت رێژەیەکی زۆر کەم بێت. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەدۆزینەوەو دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لەعێراق و کوردستان بەپێی هەموو سەرچاوە سەرەکیەکانی نەوتی خودی عێراق (لەچەشنی سەرچاوەکانی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشتمانی عێراق) و سەرچاوە جیهانیەکان زۆر کەمی تێدەچێت و بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت لەزۆرترین خەمڵاندندا ١,٥ دۆلارو نیوە بۆ هەر بەرمیلێك. لەبەرئەوە بڕی سەرمایەی خەرجکراو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری جیهاندا زۆر لەخوارەوەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەبڕی قازانجی تۆمارکراو بەپێی گرێبەستەکان زۆر لەسەرەوەیە!

ئەگەر نەوتی کوردستان لەووشکانیدایەو بەوە دەناسرێتەوە کەپوخت و پاکەو تێکەڵ بەئاو نیە، ماددەی پیسی کەمتر تێدایەو لەکەمترین قووڵایی زەویدایە، بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت بڕی کەمتر لە یەك دۆلار پێویستە، ئیتر هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کەبەسەرمایەیەکی کەمتر دەکرێ پیشەسازی نەوت لەکوردستان پێشبکەوێت و پەرەبسەنێت، کۆمپانیا بیانیەکان بڕێکی زۆر کەمتر سەرمایە دەخەنەگەڕ لەم کەرتەداو ئەنجامگیری لۆجیکی ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە کەبڕی قازانجیشیان بەپێی بڕی سەرمایەی خەرجکراو بێت. بەڵام کاتێك رێژەی لە١٠٪ وەیان لە١٧٪ دەبیستین شۆك دەبین چونکە ئەوە رێژەیەکی خەیاڵیە بۆ کۆمپانیاکان..ئەمەش بەپێی بەهاو ستاندارده ئابووریەکان بەتاڵانبردنی نەوتی کوردستان و عێراق نەبێ هیچی تر نیە..

لەلایەکی‌ترەوە ئەگەر پاساوی گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان جگە (لەکەمی سەرمایەو نەبوونی شارەزایی تەکنیکی) مەترسی نەدۆزینەوەی نەوت و گاز بێت وەکو لەو یاسایەدا باسکراوە ئەوە لەمبارەیشەوە مەسەلەیەکی لەو جۆرە لەئارادانیە. بەگرەنتیەوە زۆربەی بیرو کێڵگەکانی نەوت و گاز کەبەگرێبەست دراون بەکۆمپانیا بیانیەکان پێشتر دۆزراونەتەوەو بیرەکانی لێدراون لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراق و کۆمپانیای نیشتمانی عێراقەوە لەچەشنی تەق تەق، خورماڵە، تاوکی زاخۆ،و ...تاد.

لەم بوارەیشدا کۆمپانیاکان دەچنە سەر بیرو کێڵگە ئامادەکان و سەرمایەیەکی ئەوتۆ لەم بوارەدا خەرج ناکەن..

لەراستیدا پەنابردنە بەر واژووکردنی گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان هەوڵێکە بۆ راکێشان و رازیکردنی کۆمپانیاکان و تەرخانکردنی نەوتە بۆیان بەمەبەستی وەبەرهێنان لەو بوارەداو بەکارهێنانێتی وەکو چەکێکی سیاسی و گوشارێك لەململانێ سیاسی و ئابوورییەکانی داهاتوودا.

ئالێرەدایە کەخەڵکی کوردستان بەپلەی یەکەم و دواتر خەڵکی عێراق بەگشتی بەملیارەها دۆلار زەرەر مەند دەبن لەو گرێبەستانەو دەبێت بەقازانج بۆ کۆمپانیا بیانیەکان، بۆیە ئەو کۆمپانیایانەش بێگوێدانە ناڕەزایەتیەکانی حکومەتی فیدراڵی ملیان بەرەو کوردستان ناوە. لەمبارەیەوە نێچیرفان بارزانی لەدیمانەیەکی کوردستانی نوێدا رایگەیاند "هەموو کۆمپانیایەك پێش ئەوەی من گرێبەستەکەیان لەگەڵدا بکەم پێم ووتوون من چاوەڕوان دەکەم شەهرستانی هەندێك قسەبکات، ئەگەر ئێوە مهتەمن بەقسەکانی شەهرستانی بائیمزای نەکەم، ئەوان ووتیان موهتەم نین بەقسەی شەهرستانی!". [*28]

بەڵام لەبەرئەوەی ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و وەزارەتی نەوتی فیدراڵ لەجەوهەردا بۆ بەدەست بەسەراگرتنی نەوت و گازو رازیکردنی کۆمپانیا جیهانیەکانە (نەك لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراق) لەبەرئەوە کێشەکە لەسەر قبووڵکردن وەیان رەتکردنەوەی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان نیە بۆیە دەبینین کێشەکە لەسەر دەسەڵاتەکانی هەرێم و دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی چەقی بەستووەو باسەکە هاتۆتەسەر کەم و زۆری رێژەی قازانجی کۆمپانیاکان نەك شتێکیتر.

جەوهەری کێشەکەیان ئەوەیە نەوتی هەرێم و ناوچە ناکۆکەکان لەژێردەستی کام لایەدا بێت نەك چۆن بۆ خەڵکی هەرێم و خەڵکی عێراق تەرخانبکرێت. بۆ نموونە لەبەرانبەر ئەو گرێبەستانەدا جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی عێراق عبدالهادی حسانی لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی القدس العربی) لەبەرواری ٢٢-١١-٢٠٠٧دا رایگەیاند کە"رێژەی ئەو قازانجەی حکومەتی هەرێم داویەتی بەکۆمپانیاکان بەپێی ستاندارده جیهانیەکان زۆر لەسەرەوەیە" دواتر هەمان بەرپرس لەلێدوانێکی تریدا بۆ ئاژانسی دەنگەکانی عێراق لەبەرواری ٢١-١١-٢٠٠٧دا رایگەیاند کە "رێژەی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەنێوان ١٥-١٨٪ دایەو رێژەیەکی خەیاڵیە، پێشنیاری وەزارەتی نەوت ئەوەیە کەکۆمپانیاکان رێژەی ٤٪ بدرێتێ". حەسانی پێی وایە رێژەی ئەو نەوتەی وەکو قازانج بۆ کۆمپانیا جیهانیەکانی دیاریکردووە زۆر کەمە، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو رێژەیەی ناوبراو باسی دەکات (وەکو فواد قاسم الامیر بۆی چووە) واتە ٤٪ بۆ کۆمپانیا بیانیەکان ئەگەر بەگرێبەستێك بدرێت بەکۆمپانیا جیهانیەکان و گرێبەستەکە تایبەت بێ بەچاڵە نەوتە زەبەلاحەکان لەچەشنی مەجنون وەیان رۆژئاوای قەرنە وەیان رۆژهەڵاتی بەغداد ئەوە زۆر لەو رێژەیە زیاترە کەحکومەتی هەرێم بۆ کۆمپانیا بیانیەکان تەرخانی کردووە واتە لە١٥٪، چونکە چاڵە نەوتە بچووکەکان رێژەیەکی کەمتر نەوتیان تێدایەو هاوکات لەکوردستاندا لەدەروازەکانی هەناردنە دەرەوەی نەوتەوە دوورن. [*29]

## دووەم/ خصوصیکردنەوەی نەوت و تەرخانکردنی بۆ کۆمپانیاکانی کوردستان

جگە لەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم و گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان بەپلەی یەکەم لەقازانجی کۆمپانیا بیانیەکانە، هاوکات لەسەر ئاستی ناوخۆش لەقازانجی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی کوردستانە، ئەو کۆمپانیایانەی کەدەسەڵاتدارانی کوردستان پێکیان هێناوەو پشکی سەرەکیان هەیە لەپیشەسازی نەوتی کوردستاندا. دروستکردنی ئەم کۆمپانیایانە بەرۆشنی ئەو راستیە دەخاتەڕوو کەنەوتی کوردستان بەپێی یاسا دەدرێت بەکەرتی تایبەت و کۆمپانیا گشتیەکانی دەسەڵاتداران.. لەمبارەیەوە لەبەشی (هاندانی وەبەرهێنان- ماددەی نۆیەم- خاڵی یەکەم)دا هاتووە: "هاندانی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ وەبەرهێنان لەپرۆسیسە نەوتیەکاندا" وەخاڵی دووەمی هەمان ماددە رۆشنتر پاڵاوتنی نەوت و پرۆسیسەکانی بەشێوەیەکی دیاریکراوتر دەسپێرێت بەکەرتی تایبەت..

لەبەشی پێنجەمی یاساکەشدا چوار کۆمپانیا دادەمەزرێ لەچەشنی (کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت: KEPCO) وە (کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کوردستان: KNOC)، (کۆمپانیای کوردستان بۆ ناردنەدەرەوەی نەوت:KOMO)، (کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و بەرهەمەکانی:KODO)، ئەم کۆمپانیایانە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوەو بەرەزامەندی پەرلەمان سەرۆک و ئەنجوومەنی بەرێوەبردنیان دیاریدەکرێ و خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و دارایی و ئیداری سەربەخۆن، بەوپێیە لایەنی سەرەکی لەبواری پیشەسازی نەوتدا ئەم کۆمپانیایەن و رۆڵی پەرلەمان بریتیە لەوەی کەتەنها رەزامەندی ببەخشێت بەدیاریکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان و هیچی تر.

لەمانەش واوەتر (خاڵی پێنجەم لەماددەی دەیەم) تایبەتە بەخصوصیکردنەوەی سامانە نەوتیەکان بەرێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو ماددەیە دەڵێت "دەکرێ ئەنجوومەنی وەزیران بەرەزامەندی زۆرینەی رەهای پەرلەمان ئەم کۆمپانیایە بکات بەکۆمپانیایەکی پشکدارو پشکەکانی بۆ هاوولاتیانی عێراق بخرێتەڕوو"، ئەمەش واتە دەکرێ ئەو کۆمپانیایانە لەکۆمپانیای گشتیەوە ببن بەکۆمپانیای کەرتی تایبەت، سەرمایەکەی بکرێت بەپشک و لەبازاڕدا بفرۆشرێت، دیارە ئەو کەسانەی کەتوانای کڕینیان هەیەو دەتوانن زۆرینەی ئەو پشکانە بۆ خۆیان بکڕن هەر خودی کاربەدەستان و بەرپرسانن و پارەو سەروەت و داهات لەدەستی ئەواندا کۆبۆتەوە، بۆیە ئەو ماددەیە یەکێکە لەماددە مەترسیدارەکان و هەنگاوێکە بۆ هەڵلووشینی نەوت و داهاتەکەی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە. ئیتر باسکردن لەوەی کە"نەوتی خۆمان بۆ خۆمان" مانا بەرجەستەکانی ئەوەیە کەنەوتی کوردستان بۆ قازانج و بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان و کۆمپانیاکانیانە.. بۆ جارێکی تر بۆ خەڵکی کوردستان روونبۆوە کەحزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەناوی کوردەوە دەیانەوێ سامانە سروشتیەکانی کوردستان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و بیکەن بەمڵکایەتی تایبەتی رەهای خۆیان.

هەرچەندە رەشنوسی یاسای فیدراڵی جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ یاسای پەسەندکراوی هەرێمی کوردستاندا نیەو هەردوو لەبەرژەوەندی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت نوسراون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەشنوسی یاسای فیدراڵی عێراق راستەوخۆ ماددەو برگەی وای تێدانیە کەسامانە سروشتیەکانی

نەوت و گاز بەکۆمپانیای تایبەتی بسپێرێت، هەرچەندە کەهەمان رەشنوس تەواوی کارو پرۆسیسەکانی نەوت بەکۆمپانیای نیشتمانی عێراق دەسپێرێ بەڵام ئەو کۆمپانیایە هێشتا بەپێی ئەو رەشنوسە کۆمپانیایەکی دەوڵەتیە نەك گشتی وەیان پشکدار..

ماددەی شەشەمی رەشنوسی فیدراڵی لەبارەی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقەوە دەڵێت: "کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق کۆمپانیایەکی دایکە (شركة قابضة) ومولْکی تەواوی حکومەتی کۆماری عێراقە"، هەروەها لە برگەی (ج)ی هەمان ماددەدا هاتووە کە" کۆمپانیای نیشتمانی عێراق بەپێی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە لەبری حکومەت بەشدارە لەپرۆسێسی دۆزینەوەو بەرهەمهێنان لەعێراقدا".

هەرچەندە یاسای کارپێکراوی کۆمپانیاکانی عێراق تاکو ئێستا جۆری کۆمپانیای دایك ( Holding Company) نەناسیوەو پێناسەیەکی تێدانیە بۆ ئەو جۆرە کۆمپانیایانەو خودی زاراوەی "Holding" پێناسەنەکردووە، بەڵام بەگشتی کۆمپانیای دایك ئەو کۆمپانیا راگیرکارانەیە کە گرووپێك کۆمپانیای فەرعی تریان راگرتووەو سەرپەرشتیان دەکەن و بەرێوەیان دەبەن. لەمبارەیەوە یاسای نەوت و گازی هەرێم ئەم دیاردەیەی نەناسیوەو لەیاسای فیدراڵی پاشکەوتووە، چوار کۆمپانیای ریزکردووە بەبێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەکی سەبارەت بەپەیوەندی ئەم کۆمپانیایانە بەیەکەوە وەکو گرووپێك باسبکات و لێی بکۆڵێتەوە..

بەهەرحاڵ لەیاسای هەرێمدا ئەم کۆمپانیایانە گشتین و روونی نەکردۆتەوە مەبەست لە"گشتی" چیە؟ بەڵام خۆبواردن لەناوهێنانی کۆمپانیای دەوڵەتی سەرەنجام لەماددەی دواتردا وەکو باسمان کرد روونبۆتەوە بەچ مەبەستێك بووە. لەبەرئەوەی لەکوردستاندا کۆمپانیاکان گشتین دەکرێ بکرێن و بەتایبەت و لەو رێگەیەشەوە سامان و سەروەتی نەوتی بخرێتە ژێر دەسەڵاتیانەوە!

پێدەچێت دەسەڵاتدارانی کوردستان کەڵکیان لەبێئاگایی و کەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان و لاوازی و نەشارەزایی پەرلەمان وەرگرتبێ بۆیە بەئەسپایی ئەو برگەو ماددانەیان داڕشتووەو پەسەندیان کردووە..

* * *

## سێیەم : چەسپاندن و فراوانکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و گرێبەستەکان

یەکێکی تر لەتەوەرەکانی ئەو یاسایەو گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم فراوانکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کەبە"ناوچە ناکۆکەکان" وەیان بە"ناوچە دابڕاوەکان" ناودەبرێن کەوەکو پێشتر باسمان کرد زیاتر لە٢٠ ملیار بەرمیل نەوتی زەخیرەیان هەیە.. لەمبارەیەوە چ ئەو یاسایەو چ ئەو گرێبەستانەی دواتر مۆرکران لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا بەکردەوە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا چەسپاندووەو دواتریش بەرەو "ناوچە ناکۆکەکان" فراوانیکردۆتەوە بەتایبەت لەسنووری پارێزگای کەرکوك و موسڵدا. لەباری یاساییەوە یاسای نەوت و گازی هەرێم بەڕۆشنی هەندێك یاساو ماددەی لەخۆگرتووە کە بەڕۆشنی پێچەوانەی ماددە سەرەکیەکانی دەستوری فیدراڵی و رێککەوتننامەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵین.

باڵەم بارەیەوە چەند نمونەیەك بهێنمەوە...

بەپێی ماددەی ١١١ی دەستووری هەمیشەیی "نەوت و گاز موڵکی هەموو خەڵکی عێراقە لەهەموو پارێزگاو هەرێمەکاندا"، بەوپێیە ئەو نەوتەی لەکوردستاندایە بەپێی ئەو ماددەیە لەدەستور موڵکی هاوبەشی هەموو عێراقیەکانە، مادام عێراق سیستمێکی فیدراڵیەو هەرێمی کوردستان ڕێژەی لە ١٧٪ بودجەی فیدراڵی دەبات و ئەو بودجەیەش ٩٥٪ لەنەوتەوە دابین دەکرێ و نەوتیش بەپێی ئەو ماددەیە ماڵی گشتیە ئیتر هەم خەڵکی کوردستان بەشیان هەیە لەنەوتی بەصرەو عەمارەو باقی بیرو شوێنەکانی تر وەهەم خەڵکی عەمارەو ئەنبارو بەغدادو شوێنەکانی تر بەشیان هەیە لەنەوتی هەرێمی کوردستاندا.. ئەمە سادەترین لۆجیکی سیاسی و دارایی سیستمێکی فیدراڵیە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە داواکردنی "بەشە نەوت" لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ خۆی لەگەڵ بنەماکانی ئەو فۆرمە لەفیدراڵیەت نایەتەوە کە لەدەستووری هەمیشەییدا پەسەندکراوە، دەکرا پێشتر لەسەر ئەم مەسەلەیە ووتووێژبکرایەو "بەشە نەوت" وەکو مافی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ (هاوچەشنی ولایەتی ئالاسکا) بچەسپایە، ئەو کارە نەکراوەو دەستووری هەمیشەیی بەجۆرێکی تر باسی بەشداری و سەرپەرشتی و هاوکاری و چاودێری پیشەسازی نەوت و دیاریکردنی سیاسەت و ستراتیژی نەوتی لەعێراق و لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا کردووەو لەماددەکانی (١١٢و١١٤و١١٥و ١٢١)دا جێگای بۆ کراوەتەوە، بەڵام داواکردنی "بەشە نەوت"ی تایبەت بەناوی خەڵکی کوردستانەوە وەیان بەرزکردنەوەی دروشمی "نەوتی خۆمان بۆ خۆمان" شتێکی ترە، ئەم مەسەلەیە بەرادەیەك چۆتە پێش کەکۆتاییەکەی کاریکاتۆرێکی یاسایی سەیری لێدەرچووە.

با ووردتر لەم مەسەلەیە بڕوانین: دامەزراوەی PFC Energy's Advisors وەك دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری ئەمریکی گرنگی کۆمپانیاکانی ووزەی جیهان سەبارەت بەیاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەڵێت: ئەم یاسایە هەوڵێکی کوردەکانە بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی توندڕەوانەی دەقە دەستووریەکانی تایبەت بەکەرتی نەوت و گازی وولات، ئەو ڕاڤەکردنانە خاڵی لێوەهەستانیان فیدرالیزم نیە بەڵکو لەم حاڵەتەدا کۆنفیدرالیزمە، بەم مانایە ڕەشنوسی ئەو یاسایە بەجۆرێکە کەناسیونالیزمی کوردی برەوپێدەدات لەقاڵب و چوارچێوەی یاسایەکی نەوتی نیشتمانی سەرانسەریدا، دارێژراوە بەجۆرێك کەهاوسەنگی هێز لەبەرژوەندی هەرێم بگۆڕێت، تاکو هەرچی زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ نیشانبدات" (ڕۆژنامەی الصباح تارق شەفیق بەڵگەنامەی کۆبوونەوەی عەممان لە٢٦ ئابی ٢٠٠٦دا، ڕەشنوسی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان)..

بابزانین تاکو چەند ئەم ئەنجامیگیریانە سەبارەت بەو یاسایە نیشانەیان پێکاوە. ماددەی سێیەم لەیاساکە دەڵێت "خاوەنداریێتی نەوت لەهەرێمی کوردستاندا بەپێی ماددەی ١١١ ی دەستوری فیدراڵیەو حکومەتی هەرێم بەشی هەیە لەداهاتی وەدەستهاتووی ئەو نەوتەدا لەکێڵگە نەوتیە بەرهەمهێنەرەکانی پێش بەرواری ١٥-٨-٢٠٠٥ بەجۆرێك کە لەگەڵ بەشی گشت گەلی عێراقدا بگونجێت" خاڵی دووەمیش دەڵێت کە: حکومەتی هەرێم بەشی هەیە لەداهاتە نەوتیەکانی کێڵگە بەرهەمهێنەرەکانی دوای بەرواری ١٥-٨-٢٠٠٥ بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە". خاڵی سێیەمیش

دەڵێت "حکومەتی هەرێم بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا پرۆسیسە نەوتیەکانی کێڵگە بەرهەمهێنەرەکانی پێش ١٥-٨-٢٠٠٥ لەهەرێمدا بەڕێوەدەبات بەپشت بەستن بەبڕگەی یەك لەماددەی ١١٢ ی دەستوری فیدراڵی".

باجارێ لەم بەشخوازیە دەربچین و بچینە سەر خاڵەکانی دواتر کەزیاتر هەنگاوەکانی داڕێژەرانی ئەم یاسایە بۆ فراوانکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم ڕووندەکاتەوە.

لەبەشی حەوتەمی یاساکەدا کەتایبەتە بەهاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، (ماددەی هەژدەهەم-خاڵی چوارەم) رادەگەیەنێت کەهەموو داهاتە وەدەستهاتووەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ صندوقی گشتی حکومەتی فیدراڵی، بەو پێیە ئەم ماددەیە تائێرە تەباو هاویەکە لەگەڵ مەنتقی سیستمی فیدراڵی و ماددەی (١١١)دا، بەڵام ماددەی نۆزدە ئەو ریسەی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە کاتێك دەڵێت مەرجی هاوکاری و رێککەوتنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دەبێت بەپێی ٥ خاڵی دیاریکراوبێ، خاڵی یەکەمی ئەو مەرجانە بەم شێوەیە: "هەموو داهاتە وەدەستهاتووەکانی گشت عێراق دەبێت بخرێتە صندوقی گشتی داهاتەکانی نەوتەوە، ئەو صندوقە دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە بەڕێوەببرێت بەپێی ماددەکانی (١١٢،١٠٦،١٢١)ی دەستووری فیدراڵی و پێویستە هەموو حساباتەکانی لەبانکێکی موعتەبەری نێودەوڵەتیدا دابنرێ و حسابێکی تایبەتی تیادابکرێتەوە بەناوی صندوقی داهاتە نەوتیەکانی کوردستان و مانگانە بەشی دیاریکراوی هەرێم کەرێککەوتن لەسەری کراوە تیایدا دابنرێ و لەژێر دەسەلاتی رەهای حکومەتی هەرێم خۆیدا بێت و هەموو ئەمانەش بەپێی یاسایەکی فیدراڵی بەرەزامەندی حکومەتی هەرێم دابڕێژرێت".

بەو پێیە حکومەتی هەرێم نایەوێ داهاتەکانی نەوتی هەرێم بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و بۆ بانکی مەرکەزی عێراق! بەپێی مەرجەکانی هەر دەبێت بگەڕێتەوە بۆ صندوقی داهاتەکان کەئەویش حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی رەهای بەسەریدا هەیە، ئەو جۆرە بانکەی لەم یاسایەدا باسکراوە لەعێراقدا چنگ ناکەوێ و دەبێت لەدەرەوەی ئەم وولاتە بۆی بگەڕێین..

بەڵام ئایا ئەو داهاتەی کەبەڕێوەیە لەبیرە نەوتی زاخۆو تەق تەق دەستبکەوێ و ماوەیەکە قۆناغی بەرهەمهێنان بەڕێژەیەکی باش لەو دوو بەشەدا دەستی پێکردووە چیان بەسەر دێت؟ ئایا حکومەتی هەرێم رەوانەی حکومەتی ناوەندی دەکات یان لەدەست خۆیدا دەیهێڵێتەوە؟ لەباری یاساییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە رۆشن نیە بەڵام پێدەچێت کلاورۆژنەیەکی یاسایی بۆ ئەم مەسەلەیە لەماددەی دواتردا واتە ماددەی بیستەم لەیاساکەدا لەبەرچاوگیرابێت چونکە ماددەی بیستەم دەڵێت: "تاکو جێبەجێکردنی مەرجەکانی ماددەی نۆزدەیەمی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێم دەسەڵاتەکانی خۆی بەپێی ١١٢و١١٥و برگەی سێیەمی ماددەی ١٢١ی دەستووری فیدراڵی جێبەجێدەکات و داهاتەکان لەصندوقی داهاتە نەوتیەکانی کوردستان کەلەماددەی پانزەی ئەم یاسایەدا باسکراوە وەردەگرێ" کەواتە هەرچی داهاتەکانی ئێستایە ناگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و دەچێتە ئەو صندوقەوە کەلەژێر سەرپەرشتی حکومەتی هەرێمدایە ئەنجومەنی وەزیراندایە تاکو مەرجەکان جێبەجێدەکرێن.

بەڵام هەمووان دەزانین ئەوەی ئێستا بەرەسمی "هەرێمی کوردستان"ە سێ پارێزگا دەگرێتەوەو لەم سێ پارێزگایەشدا هێشتا پیشەسازی نەوت لەئارادانیەو ئەو پرۆژانەیش کەهەن هێشتا پرۆژەی تەواونەکراون و لەژێر گوشاری حکومەتی فیدراڵیدان، ئەی لێرەدا مەبەست لەکام داهاتانەیە کەئەو یاسایە باسی دەکات؟ هەڵبەت لێرەدا مەسەلەی ناوچە ناکۆکەکان دێتە ناوەوە، لەچەشنی کەرکوك و خانەقین و هەندێك ناوچەی پارێزگای موصل، لەمبارەیەوە حکومەتی هەرێم لەبری چارەسەری یاسایی کۆمەڵێك هێڵی سووری کێشاوە بۆ حکومەتی ناوەندی کەنابێت بیبەزێنێت. بۆ نموونە خاڵی چوارەمی ماددەی ١٩دەڵێت: "حکومەتی فیدراڵی نابێت هیچ پرۆسێسێکی نەوتی نوێ لەناوچە ناکۆکەکاندا ئەنجام بدات بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێم تاکاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی گشتی بەپێی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری فیدراڵی".

ئەگەر کارێکی واش رووبدات ئەوە بەپێی خاڵی پێنجەمی هەمان ماددە قەدەغەدەکرێت "پێنجەم/ هەر چالاکیەك بەپێچەوانەی خاڵی چوارەمی ئەم ماددەیە ئەنجام بدرێ لەناوچە ناکۆکانەدا کەبەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری فیدراڵی دەلکێنرێنەوە بەهەرێمی کوردستانەوە ئەوە بەپێی ئەم یاسایەو ماددەی ١١٢ خاڵەکانی یەکەم و دووەم مامەڵە لەگەڵ ئەو چالاکیانەدا دەکرێ".

(زاراوەی لکاندن (الحاق) کەلەم خاڵەدا هاتووە هەڵوێستەیەکی جددی پێویستە، چونکە "گەڕانەوە" زۆر جیاوازە لە زاراوەی "لکاندن" کەلەبناغەدا زاراوەیەکی فراوانخوازانەیە، پێدەچێت یاسادارێژەران هەر بەو جۆرەش لەماددەی ١٤٠ تێگەیشتبن ئەگینا خودی ئەو ماددەیە تایبەت بە لکاندن و لکاندنەوە نیە!)، بەهەرحاڵ بابگەڕێینەوە سەر باسەکەو بپرسین ئایا ململانێی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەسەر نەوتی ناوچە ناکۆکەکان بەکوێ گەیشتووە؟ ئایا ئەم دەقە یاساییانەو ئەو گرێبەستانەی مۆرکراون لەم ناوچانەدا مەسەلەکە قووڵ دەکاتەوە یان چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە. لەراستیدا هەموو ئەم دەقانە بۆ خۆئامادەکردن بۆ چوونە ناو شەڕێکەوە نوسراون و ئامادەکراون، لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی نەوت بۆ هەمان مەبەستە. لەبەرئەوەی ئەم شەڕە یاسایی و دەستووری و سیاسیە ئەوسەری دیارنیە، بۆیە ماددەکانی دواتر هێڵی پاشەکشەکردنی دیاریکردووە، بۆیە دیسانەوە ماددە یاساییەکان چەند هەنگاوێك دێتە دواوەو هەم"لەناڵ دەدات و هەم لەبزمار"و دەچێتەوە سەر مەسەلە فیدراڵیەکان و کۆمەڵێك خاڵ ریزدەکات بەمەبەستی بەشداری و پۆست وەرگرتن لەدامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق و پۆستەکانی تری ئەنجوومەنی فیدراڵی نەوت و گازو زۆر شتی تر.. لێرەدا ئیتر حکومەتی هەرێم هەم نەوتی کوردستانی دەوێ و هەم نەوتی حکومەتی فیدراڵی، (بەشی خۆم بۆخۆم و لەبەشەکەی تۆیش دەخۆم) دەبێت بەسیاسەت و ستراتیژی نەوتی حکومەتی هەرێم!

ئەگەر لەدەقە یاساییەکان دەربچین و لەسەر زەوی باسی ئەم مەسەلانە بکەین دەبینین کەشەڕێکی جددی لەئارادایە، چ حکومەتی هەرێم و چ حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی نەوت باشدەزانن کەباسکردن لە"ناوچە ناکۆکەکان" مەسەلەیەکی هەستیارەو باسکردن لەچالاکی و گرێبەستی نەوت و گازی سروشتی لەم

ناوچانەدا کێشەو هەرا دەنێتەوە. بۆ روونکردنەوەی زیاتر لێرەدا سێ نموونەی سەرەکی لەم ململانێیانە دەهێنمەوە:

### ١- بیرەکانی بەرزاییەکانی خورماڵە

کاتێک رەشنوسی فیدراڵی ئامادەکرا زۆربەی ئەو حەقل و ناوچە نەوتیانەی دەکەوتنە "ناوچە ناکۆکەکان"ەوە بەکۆمپانیای نیشتمانی عێراق سپێردران و خرابوونە پاشکۆی دووەمەوە، لەچەشنی حەقلی "خورماڵە"ی کەرکوك، بۆیە کاتی ئامادەکردنی ئەو رەشنوسە خورماڵە سپێردرابوو بە کۆمپانیای نیشتمانی عێراقی و خرابووە چوارچێوەی پاشکۆی ژمارە ١ ەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم خوازیاری ئەوەبوو بخرێتە چوارچێوەی پاشکۆی ژمارە ٣ ەوە واتە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بێت و لەمبارەیەوە هەردوولا نەگەیشتن بەئەنجام و مەسەلەکە بەهەڵواسراوی مایەوە.. بەڵام لەبەرئەوەی "خورماڵە" لەساڵی ٢٠٠٤دا لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراقەوە سپێردرابوو بەکۆنسۆرتیۆمێك (گرووپێك لەکۆمپانیاکان) کەکۆمپانیای ئافراسیای تورکی رێبەرایەتی دەکردو گرێبەستی لەگەڵ واژووکرابوو بۆیە ئەو حەقلە (کەچاڵە نەوتێکی زەبەلاحی بیرە نەوتیەکانی کەرکوکە) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراو ئەو کۆمپانیایە رێگەی لێگیرا کارەکانی لەو شوێنەدا ئەنجام بدات، لەوەش واوەتر خورماڵە بەپێی گرێبەستێکی خزمەتگوزاری سپێردرا بەکۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کوردستان(کنۆك) کەیەکێك لەو چوار کۆمپانیایە کەبەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێم پێکهاتووە.

(پلاتس:PLATTS) گرنگترین دامەزراوەی تایبەت بەزانیاریەکانی ووزەی جیهان لەئەمریکا لەبەرواری ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا بلاویکردەوە کەخورماڵە بەگرێبەستێکی خزمەتگوزاری لەبەرواری ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا دراوە بەکۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کوردستان(KNOC)و ئەو کۆمپانیایەش دەتوانێت گرێبەست بەرەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم بدات بەکۆمپانیا نەوتیەکانیتر.. پلاتس دەنوسێت "بەرهەمهێنان لەبیرە نەوتە کۆنەکانەوە هەنگاو بەهەنگاو دەستپێدەکات و بیری تریش لێدەدرێت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی بە٢٥٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا"، نەوتی دەرهاتوو بۆ پاڵاوتگەی خورماڵە کەبەپێی ئەم گرێبەستەی واژووکراوە ئەبێت دابمەزرێ، رەوانەدەکرێ و زیادەکەیشی هەناردەی دەرەوەی عێراق دەکرێت".[*٣٠]

ئەوەی کە"کنۆك" چ جۆرە گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا مۆردەکات ئایا ئەو گرێبەستە خزمەتگوزاریە یان هاوبەشی بەرهەمهێنان هێشتا روون نیە، وەیان ئەوەی کەچۆن نەوتی زیادە هەناردەی دەرەوەی عێراق دەکرێت ئەویش مەسەلەیەکە یەکلانەبۆتەوە لەکاتێکدا کەحکومەتی فیدراڵی لەمبارەیەوە رەزامەندی لەسەر نیە.

بەوپێیە لەکردەوەدا دەسەڵاتی هەرێم بەسەر یەکێك لەبیرەگرنگەکانی نەوتی کەرکوکدا چەسپاوەو وەبەرهێنان لەم بەشەدا دەستی پێکردووە.

## ٢-حکومەتی هەرێم و گرێبەستی کۆمپانیای هنت ئۆیل

پێگەی ئەلکترۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئەیلولی ٢٠٠٧ دا بلاویکردەوە کەگرێبەستێکی هاوبەشی بەرهەمهێنانی لەگەڵ کۆمپانیای هنت ئۆیلی ئەمریکیدا واژووکردووە، جگە لەم راگەیاندنە گشتیە هیچی تر سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەو گرێبەستەو ئەو ناوچانەی کەبڕیارە بەپێی ئەم گرێبەستە بۆ نەوت بشکنرێن و بدرێن بەو کۆمپانیایە رانەگەیەنرابوو، بەلام کاتێك زانرا ئەو گرێبەستە تایبەتە بەناوچەکە ناکۆکەکان و کۆمپانیای ناوبراو بەرێوبەرەکەی (رای هنت) یەکێك لەهاوپەیمانەکانی جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکایە ئیتر هەرایەکی گەورەی لەسەر ئەو گرێبەستە دروستبوو کەتاکو ئێستاش نەنیشتۆتەوە. هەرچەندە ناوەرۆکی ئەو گرێبەستە تاکو ئێستاش نهێنیە بەڵام هەندێك لەسەرچاوە سەرەکیەکانی هەواڵ لەمبارەیەوە روونکردنەوەیان خستۆتەڕوو.

بەپێی راپۆرتی دالاس نیوس (Dallasnews) لەبەرواری ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا کۆمپانیای هنت ئۆیل"Hint Oil" کەئۆفیسە سەرەکیەکەی لەدالاسی ئەمریکایە (پایتەختی نەوتی جیهان) ئەو گرێبەستەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەمانگی ئەیلولی ٢٠٠٧دا مۆریکردووە تایبەتە بەگوندی "ئەسیان" تەنیشت شاخی سەمروت کەدەکەوێتە پارێزگای موسڵەوە. دالاس نیوس دەنوسێت "بەرێوەبەری کۆمپانیا رای هنت لەمانگی ئەیلولی رابردوودا گەیشتە عێراق بۆ واژووکردنی گرێبەستی پشکنینی نەوت کەتایبەت بوو بەشاخی سەمروت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا"، " ئەو کۆمپانیایە ئومێدی وایە سالّی داهاتوو نەوتی ژێر ئەو شاخە کەبەسەدان ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێ دەربهێنێ"، "بەلام کێشەکە لەوەدایە کەشاخی سەمروت لەقەڵەمڕەوی دەسەلاتی ناوچەیی کوردەکاندا نیە، ئەگەر هنت ئۆیل بیر لەم ناوچەیەدا لێبدات بەو مانایەیە کەیارمەتی کوردەکانی داوە بۆ ئەوەی بەشێك لەزەویەکانی پارێزگای موسڵ بۆ خۆیان پاوان بکەن، ئەو زەویانەی کەلەباری مێژووییەوە کوردنشین بوون بەلام هێشتا هەر لەلایەن عەرەبە سونەکانەوە داواکراون". هەرچەندە کۆمپانیای ناوبراو رایگەیاندووە کەئەو دەست لەکاروباری سیاسی عێراقەوە وەرنادات بەلام "زۆرکەس لەو باوەڕەدان کەئەو گرێبەستە بەئاگاداری جۆرج بۆش خۆی واژووکرابێت چونکە "رای هنت یەکێکە لە پالّپشتە سەرەکی و لەمێژینەکانی جۆرج بۆش، ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی راوێژکاری موخابەراتی بیانی دەستەی سەرۆکایەتیە" یەکێك بووە لەو کەسانەی کەمپینی بۆ هەڵبژاردنی خودی جۆرج بۆش ئەنجامداوەو کۆمەکی دارایی بەو کەمپینە کردووە، ئەندامێکی ئەنجوومەنی بەرێوەبردنی کۆمپانیای هالیبرتۆنی ئەمریکیە کەدیك تشینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ماوەیەك بەرێوەبەرەکەی بوو.

.. دوای ئیمزاکردنی گرێبەستەکە "جۆرج بۆش لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کەئەو ئاگای لەو گرێبەستە نیەو مایەی سەرسوڕمانی بووە"، ئەم گرێبەستە بەپێی دالاس نیوس لەو رووەوە بۆ حکومەتی هەرێم گرنگە کەرەنگە ببێت بەهۆی ئەوەی "یارمەتی کوردەکان بدات بۆ فشار خستنەسەر حکومەتی فیدرالّی بەمەبەستی ناردنەدەرەوەی نەوت لەخاکی کوردستانەوە"، هەروەها رەنگە "جۆرێك بێ لەپاراستنی کوردەکان لەبەرانبەر تورکیادا کەتوڕەیە لەکوردە گەریلاکان و هەنگاوەکانی کوردەکانی عێراق بەرەو سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی زیاتر".

بەڵام ئەو ناوچەیەی کەبۆ هنت ئۆیل دیاریکراوە ناوچەیەکی تازە دۆزراوە نیە. دالاس نیوس دەنوسێت "لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠دا کۆمپانیای نیشتمانی عێراق- بەپێی ووتەی بیوار خانەسی جیۆلۆجیستی عێراقی کەنامەی دکتۆراکەی لەسەر نەوتی کوردستان بووە- نزیك بە١٩ بیری نەوتیان لەناوچەکەی هنت ئۆیلدا دۆزیەوە، بیریکیان لێداو نەوتیان لێدەرهێنا، بەڵام بەدەست پێکردنی شەڕی عێراق-ئێران ئەو کارانە راگیران و کۆمپانیای ناوبراو نەگەڕایەوە ئەو شوێنە". رای هنت دەڵێت " لەپاش ئەوەی گرێبەستەکەی مۆرکردووە ئەو زانیاریانەی لەسەر ئەو بیرە نەوتانە پێگەیشتووە". (کەواتە ئەو گرێبەستە هیچ موجازەفەیەکی تێدانیە بۆ کۆمپانیای ناوبراو چونکە پێشتر نەوت تیایدا دۆزراوەتەوە!).

بەپێی دالاس نیوس "کاتێك وێنەکان لەسەتەلایتەوە سەبارەت بەباکوری عێراق وەرگیران" "ئیتر جیۆلۆجیستەکانی کۆمپانیای هنت ئۆیل لەشاخی سەمروت وردبوونەوەو ئەگەرەکان لەسەر ئەوە گیرسایەوە کەئەو شوێنە یەکێك لەچاڵە نەوتە زەبەلاحەکان بێ"[*31]

بەلام بەپێی گۆڤاری "MEES" کەیەکێك لەگۆڤارە موعتەبەرەکانی نەوتە لەجیهاندا ئەو گرێبەستە شاخی قەندو نرجس و فەجرو عین سفنی دەگرێتەوەو خودی شاخی قەند لە ٣٥ کم باکوری پارێزگای موسڵدایە ..

دوای ئیمزاکردنی ئەم گرێبەستە دەستەی زانایانی موسڵمانانی سونەو چەندین لایەنی سیاسی تری ئیسلامی و سوننی و عەرەبی ناڕەزایەتی گەورەیان دەربڕی، هەروەها ئەم گرێبەستە لەخودی ئەمریکاشدا هەرای لەسەر دروستبوو تائەو رادەیەی یەکێك لەئەندامانی کۆنگریس بەپێی ئاژانسی ئەسۆشیەتید پریس لە٢٠٠٧/٩/١٩دا دینیس کوسینچ خوازیاربووە کۆنگریسی ئەمریکی لەو گرێبەستە بکۆڵێتەوە چونکە بەرپرسی هنت ئۆیل یەکێك لەهاوکارە سەرەکیەکانی جۆرج بۆشە وە ووتی "کاتێك کۆمپانیایەکی ئەمریکی رێکەوتننامەیەك لەبواری نەوتدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بەبێ رەزامەندی حکومەتی فیدراڵی واژوودەکات گورزێکی وەشاندووە لەسیاسەتەکانی ئەمریکا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو گرێبەستە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانە بۆیە یەکانگیرە لەگەڵ هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمریکی بۆ خەصوصیکردنەوەی پیشەسازی نەوتی عێراق"[*32]

### ٣- گرێبەستی داناغاز (Dana Gas company)

هەر لەسەرەتای مانگی شوباتی ٢٠٠٧ەوە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ کۆمپانیای دانا غازدا بۆ واژووکردنی گرێبەست بەمەبەستی پەرەپێدانی گازی سروشتی، سەرەنجام وەزارەتی ناوبراو لەگەڵ کۆمپانیای داناغازدا هەندێك گرێبەستی واژووکرد. کۆمپانیای ناوبراو کەبارەگا سەرەکیەکەی لەئیماراتی عەرەبیە بەم جۆرە باسی گرێبەستەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکات "کۆمپانیای دانا غاز رادەگەیەنێت کەبرۆتۆکۆلێکی هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆرکردووە، ئەم پرۆتۆکۆل و ریککەوتنانە بەشێکە لەستراتیژێك بۆ پەرەپێدانی سەرچاوە ئابووریە جۆراوجۆرەکانی هەرێم لەرێگەی کەڵکوەرگرتن لەسەرچاوە غازیە زۆرو زەبەندەکانی ئەو هەرێمە"، " لەچوارچێوەی ئەم پرۆتۆکۆلەدا پرۆژەی دامەزراندنی (شاری غازی کوردستان) دەستی پێکردووە"، "کۆمپانیای دانا غاز هەڵبژێردراوە بەپێی

گریبەستێکی خزمەتگوزاری بۆ پەرەپێدان و چارەسەری غازی سروشتی حەقلی خور مۆر وەکو پرۆژەیەکی هەنووکەیی و دواتریش دەستبەکاربوون بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی حەقلی غازی چەمچەماڵ بۆ ئەوەی کەسووتەمەنی پێویست بۆ وێستگە تازە دامەزراوەکانی کارەبا لەسلێمانی و هەولێر دابینبکات". [33*] ئەمە ناوەڕۆکی ئەو راگەیاندنەی کۆمپانیای دانا غازەو حکومەتی هەرێمیش لەلای خۆیەوە راگەیاندنێکی کورتی لەوبارەوە بڵاوکردۆتەوە.

بەپێی ئەو گرێبەستە گازی سروشتی لەو ناوچەیەوە بەبۆری ٢٤ گرێی بەدرێژایی ١٧٤ کیلۆمەتر بۆ هەولێرو سلێمانی و بازیان ئەو غازە رەوانەبکرێت...گرێبەستەکە گرێبەستی خزمەتگوزاریە (تەواوی یاساکە باس لەگرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانەو بەشێك لەگرێبەستەکانیش خزمەتگوزارین!!) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاشتی هەورامی رایگەیاند کەرەنگە ئەو گرێبەستەی چەمچەماڵ بگۆڕێت بۆ گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان یان هاوبەشی پێکردنی بەرهەم. [34*]

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت لەراگەیاندنەکەی داناغازدا دوو شتە: یەکەم ئەوەی کە ئەو کۆمپانیایە گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بە"دیاریکردن" وەرگرتووەو لەمبارەیەوە تەندەرو پێشبڕکێ بۆ بردنەوەی ئەو گرێبەستە لەئارادانەبووە، ئەمە لەکاتێکدایە کەبەهای ئەو گرێبەستە ٤٠٠ ملیۆن دۆلارە!، دووەم: کۆمپانیای ناوبراو گرێبەستەکەی تایبەتە بەحەقلی غازی خۆرمۆر، واتە ئەو حەقلەی کەبەپێی رەشنوسی نەوت و گازی فیدراڵی درابوو بەکۆمپانیای نیشتمانی عێراق لەچوارچێوەی پاشکۆی ٢دا جێگای بۆ کرابۆوە، ئەم حەقلە دەکەوێتە ناوچەی قادرکەرەمەوە کە لەباری ئیداریەوە سەربە پارێزگای تکریتەو بەشێکە لەناوچە دابڕاوەکان، ئەو حەقلە لەرەشنوسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا لەپاشکۆی ژمارە دوودا جێگای بۆ کرابۆوە واتە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی کۆمپانیای نیشتمانی عێراقدا، هەر لەساڵی ٢٠٠٧دا وەزارەتی نەوت بەگرێبەستێك ئەو حەقلەی بەکۆمپانیایەکی هندی دابوو..

لەلایەکی‌ترەوە ئەو گرێبەستەش لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە رەتکرایەوەو هێرشی کرایە سەر، بەڵام حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای داناغاز لەهەوڵدابوون بۆ ئەوەی کەشەرعیەتی پێبدەن و کۆمپانیای گەورەتر بخەنە چوارچێوەی گرێبەستەکانیانەوە. بەپێی راپۆرتی (dow jones newswires) لەبەرواری ٣٠ نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای داناغاز بانگهێشتی کۆمپانیای شیل زەبەلاحیان کردووە بۆ ئەوەی لەو پرۆژانەدا بەشداربێ، لەبەرئەوەی کۆمپانیای ناوبراو لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقدا خەریکی ئامادەکردنی ماستەرپلانە بۆ پەرەپێدانی گازی سروشتی کەرکوك و لەبەرئەوەی حەقلی خورمور حەقلی چەمچەماڵ نزیکی حەقلە گازیە زەبەلاحەکانی کەرکوکن بۆیە حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای دانا غاز بەنهێنی لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراودا ووتوێژیان بووە بۆ ئەوەی کەوەکو تەرەفێك بەشداری پرۆژەکان بێ، بەڵام بەپێی ووتەی ئەو سەرچاوەیە "شیل" ئەو کارەی رەتکردۆتەوەو مارنی فەنك (Marnie funk)بەرپرسی پەیوەندیەکانی کۆمپانیا لەواشنتۆن دی سی لەوبارەیەوە رایگەیاندووە کە "ئێمە هێشتا لەسەر ئەوە پێدادەگرین کەبەبێ هاوکاری حکومەتی ناوەندی و پشتیوانی وەزارەتی نەوت دروست نیە کەهەنگاو لەکوردستانی عێراقدا هەڵبگرین." بەپێی هەمان سەرچاوە شیل ئامادەنیە

کەپەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و وەزارەتی نەوت بەئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێم بشێوێنێت". *[35]

بەڵام لەمانەش گرنگتر بەلای خەڵکی کوردستانەوە خودی کۆمپانیای دانا غازو بەرپرس و بەڕێوەبەرەکانی ئەم کۆمپانیایە! خاوەنی ئەم کۆمپانیایە د.جەعفەر زیا جەعفەرو براکەیەتی کەبەڕێوەبەری تەنفیزی کۆمپانیاکەیە ئەم زاتە بەباوکی چەکە کۆمەڵکوژەکانی رژێمی بەعس ناسراوەو کاتی خۆی وەزیری ووزەی حکومەتی بەعس بوو لەساڵی ١٩٨٢دا، سەرۆکی بەشی گەشەپێدانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی عێراق بووە بەتایبەتی چەکی ئەتۆمی و بەشێك بوو لەو تیمەی کەخودی وەزیری نەوتی ئێستای عێراق حسین شەهرستانی ئەندامێکی بوو، د. جەعفەر تارۆژی رووخانی بەعس راوێژکاری صدام حسین بووەو دواتریش بەهاوبەشی لەگەڵ د.نعمان النعیمی کتێبێکی بەناونیشانی "دوائیعتراف: راستی و دروستی بەرنامەی ئەتۆمی عێراق" دەرکردووە، ئەم زاتە لەلایەن دەزگا جاسوسیەکانی دنیاوە داواکردووبووە.

لەراستیدا نازانین چۆن باسی پراگماتیستی سەرانی حکومەتی هەرێم بکەین، ئەگینا واژووکردنی گرێبەستێکی وا گەورە لەگەڵ کەسانێکدا کەبەشداری کوشتارو جینۆسایدی خەڵکی کوردستانن چ پاساوێکی هەیە، بەڵام پێدەچێت سیاسەتی پراگماتیستی و قازانجپەرستی و هەڵپە بۆ دەسگیربوون لەپترۆدۆلارەکان زۆر لەو مەسەلە مرۆیی و نیشتمانیانە گەورەتربێ!

****************

بەوپێیە هەرێم بەتایبەتی لەم سێ گرێبەستەدا نەك هەر نەگەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی بگرە بەسەر دەسەڵاتەکانیدا پەڕیوەتەوەو ئەمەش هەرچی زیاتر ململانێکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەبنبەست گەیاندووەو ئایندەو ئاسۆی چارەسەری تاریك و لێڵ کردووە. بەتایبەتی ئەوەی کەهەموو لایەنە سونی و شیعیەکانی بەشدار لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا هاوڕان لەسەر رەتکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی هەرێم و ئایندەش زیاتر ئەو لایەنانە لەیەکتر نزیك دەخاتەوە لەبەرانبەر ئەم سیاسەت و ستراتیژە نەوتیەی هەرێمی کوردستاندا.

*　　*　　*

## یاسای نەوت و گازی هەرێم و کێشەی سانترالیزمی دەوڵەتی فیدراڵی

لەدوای رووخانی رژێمی دکتاتۆری بەعس سیاسەتە ئابووریەکان و بەتایبەتی سیاسەت و ستراتیژی نەوت لەعێراق و کوردستاندا چەند جارێك ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە..سەرەتا "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەقۆناغی راگوزەردا" لەماددەی ٢٥دا بەرۆشنی رایگەیاند کەسامانە سروشتیەکان بەشێکن لەدەسەڵاتە حەصریەکانی حکومەتی کاتی عێراق"، ئەمە لەکاتێکدا بوو کەئیتر ئەمریکا لەو باوەڕەدابوو کەلەرێگەی ئیدارەی بریمەرو داگیرکاریی و ملکەچی حکومەتە کاتیەکانی عێراقەوە دەتوانێت سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی لەپەیوەند بەئابووری عێراق و کەرتی نەوتی ئەم وڵاتەوە بەرەوپێش بەرێت، لەبەرئەوە پێداگری کرد لەسەر پرەنسیبی سانترالیزمی دەوڵەت (مەرکەزیەت) و پارێزگاکان و هەرێمەکان لەمبارەیەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان پێنەدرا. بەڵام خراپبوون و تێکچوونی باردۆخی عێراق و

لەبەریەکترازانی شیرازەی ئەمنی و چوونەسەری بەرەنگاریەکان بەرانبەر بەئەمریکا و جیابوونەوەی بەردەوامی ناوچەی سونەکان و شیعەکان و کوردەکان لەیەکتر سیاسەتە سانترالیەکانی پێشوو گۆڕانی بەسەرداهات و ئەمەش لەچوارچێوەی پەرەپێدانی کۆمۆنیالیزم (communalism) و فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمایەتیدا رەنگی دایەوە و ئەمریکاش بەکردەوە پشتیوان و هاوکاری بوو. ئەم بارودۆخە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر فۆرم و شێوە و ماددەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق هەبوو، تا ئەو ئاستەی کەئەو دەستورە سیاسەتە سانترالیەکانی کەمکردووەوە و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کل و گوێکرد. بۆ نموونە لەکاتێکدا کەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی عێراق سامانە نەوتیەکانی خستە ژێردەستی حکومەتی فیدراڵیەوە دەستووری هەمیشەیی ئەو دەسەڵاتانەی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتدا دابەشکرد. بەوردبوونەوە لەماددەی ١١١ کەدەڵێت " نەوت و گاز موڵکی هەموو خەڵکی عێراقە لەهەموو پارێزگاو هەرێمەکاندا"، بەرۆشنی دەردەکەوێت کەبەئاراستەی بەشکردنی دەسەڵاتەکان و بەم نەفەسەوە ئەو ماددەیە داڕێژراوە، چونکە خودی ماددەی ١١٠ کەتایبەتە بەدەسەڵاتە تایبەتی و فیدرالیەکانی دەوڵەت خۆی لەباسکردنی سامانە نەوتیەکان بواردو تەنها لەخاڵی یەکەمدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کردووە کاتێك دەڵێت دەوڵەتی فیدراڵی سیاسەتە ئابووریەکان و سیاسەتی دەرەوە دیاریدەکات. لەراستیدا ماددەکانی تری ئەو دەستوورە بەهەمان ئاراستە داڕێژراون بۆ نموونە ماددەی ١١٢ دەڵێت: یەکەم: حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکاندا نەوت و گازی دەرهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات بەمەرجێك داهاتەکانی بەشێوەیەکی دادپەوەروەرانە لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا دابەشبکات کەگونجاو بێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتواندا،...." خاڵی دووەمیش دەڵێت: "حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان بەیەکەوە سیاسەتە ستراتیژیە پێویستەکان بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز دادەڕێژن..."

لەمەش واوەتر ماددەی ١١٥ی دەستوورە کەتیایدا بەڕۆشنی ئەولەویەت لەجێبەجێکردنی یاساکاندا دەبەخشێت بەهەرێمەکان: ئەو ماددەیە دەڵێت: "هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کەبەشێوەیەکی بڕاوە وەکو دەسەڵاتی فیدراڵی باسنەکراوە دەبێت بەدەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لەچوارچێوەی هەرێمەکاندا نین، لەحاڵەتی روودانی ناکۆکیەکانی تایبەت بەدەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان ئەولەویەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای هەرێم و پارێزگاکانە".

بەڵام ئەم بارودۆخە هاوکات لەگەڵ وەرچەرخان و بادانەوەی ئەمریکا بەلای سونەکان و وڵاتانی عەرەبی و توندکردنەوەی سیاسەتەکانی لەدژی ئێران گۆڕانی بەسەرداهات، ئەمریکا نیگەرانیەکانی زیادیکرد لەهاوکاریەکانی ئێران و روسیا و چین لەچوارچێوەی "هاوپەیمانێتی شەنگهای" و سیاسەتە ئابووریەکانی ئەم هاوپەیمانێتیە بۆ باڵادەستی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ترسی زیاتر بوو لەهەژموونی ئێران بەسەر چاڵە نەوتە زەبەلاحەکانی باشووری عێراقدا (بەتایبەتی کەزۆربەی ئەو چاڵانە لەو ناوچانەدایە کەبەهیلالی شیعەکان ناودەبرێ)، لەبەرئەوە بایدایەوە بەلای سیاسەتە سانترالیەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و هەرئەمەیش وایکرد کە راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن لەراسپاردەی ژمارە ٢٨دا

خوازیاری گەڕانەوەی سانترالیزمی دەوڵەتی فیدراڵ لەبواری نەوتدا بێ و داوابکات دەسەڵاتی هەرێمەکان بخرێتە پەراوێزەوە.

بۆیە ئەمریکا تاڕادەیەکی باش پاشگەزبۆوە لەسیاسەت و ستراتیژەکانی پێشتری خۆی و هەموو لایەنەکانی حکومەتی فیدراڵیش، جگە لەهاوپەیمانی کوردستانی، پێدەچێت کوك بن لەسەر ئەم مەسەلەیەو رەتکردنەوەی یاسای هەرێم و گرێبەستەکانی، بۆیە دەبینین ململانێی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی پانتاییەکی تابێت بەرتەسك دەبێتەوەو تای تەرازوو بەلای حکومەتی فیدراڵیدا لاسەنگ دەبێ. هەرچەندە ئەمریکا سیاسەتێکی دوولایەنەو دووفاقی هەیە بەڵام زۆربەی ئاراستەکان وانیشان دەدەن کەئەمریکیەکان بەپێی پێویست کەڵکیان لەحکومەتی هەرێم وەرگرتووە وەکو کارتێکی گوشار بۆ سەر حکومەتی فیدراڵی و دەستیان لەگرێبەستە سەرەکیەکان گیربووەو بۆ ئەم مەبەستش ئامادەن پشتی حکومەتی هەرێم چۆڵ بکەن وەیاخود چی تر رێگە بەتموحاتەکانی ئەو هەرێمە لەبواری کۆنترۆڵکردنی زیاتری سامانە سروشتیەکاندا نەدەن.

* * *

## گرێبەستەکان: نەبوونی شەفافیەت و گەندەڵی

یاسای نەوت وگازی هەرێم بەشەکان و بڕگەو ماددەکانی خۆی لەباسکردنی شەفافیەتی دارایی بواردووە، ئەمە لەکاتێکدایە کەئەو یاسایەو ئەو گرێبەستانەی مۆرکراون تایبەتن بەسەروەت و سامانە سروشتیەکانی کوردستان و عێراق کەبەهاکانیان لەئایندەدا لەدەیان ملیار دۆلار تێپەڕدەبێت، هەر ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا مۆرکراون بەهاکانیان بەپێی لێدوانی بەرپرسانی هەرێم و کۆمپانیاکانی مەبەست بەهای لە٨٠٠ ملیۆن دۆلار تێپەڕبووە، هەر خودی کۆنتراکتی داناگاز لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەهاکەی ٤٠٠ملیۆن دۆلارە! لەبەرئەوە بوونی شەفافیەت و میکانیزمی لێپرسینەوەو چاودێری و لێپێچینەوەی پەرلەمانی، وەهەروەها دانی دەسەڵاتی حەصری بەپەرلەمان بۆ پەسەندکردنی گرێبەستە گرنگەکان و حەصرکردنی دەسەڵاتی وەزارەتی نەوت و ئەنجوومەنی نەوت و گاز تەنها بەئامادەکردنی گرێبەستەکان،دانی ئەو گرێبەستانە بەتەندەر و بوار کردنەوە بۆ پێشبڕکێ وە.....تاد ئەمانە زۆر گرنگن بۆ ئەوەی تاڕادەیەکی باش شەفافیەت هەبێ و گەندەڵی کەمبکرێتەوە.

لەراستیدا رەشنوسی یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێم بەزمانی ئینگلیزی لە٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا لەماددەی ٢٥و ماددەکانی دواتردا باسی لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کردبوو، ئەم ماددانە لەفۆرمی کۆتایی یاساکەدا رەشکرانەوەو پەسەندنەکران، لەلایەکی ترەوە ماددەکانی ئەو رەشنوسە دەسەلاتی زیاتری دابوو بەپەرلەمان بۆ سەرپەرشتی و واژووکردن و چاکسازی و پیاچوونەوە بەگرێبەستەکاندا. بەڵام ئەم دەسەڵاتانە لەفۆرمی کۆتایی یاساکەدا سەندراونەتەوەو زۆربەی دراوە بەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان و ئەنجوومەنی نەوت و گازی هەرێم، هەروەها هیچ ماددەو بڕگەیەك لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بوونی شەفافیەت لەو یاسایەدا جێگای بۆ نەکراوەتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کەرەشنوسی یاسای فیدراڵی لەماددەی ٣٦ی خۆیدا کۆمەڵێك خاڵی سەبارەت بەشەفافیەت تۆماکردووە..

ئەو ماددەیە دەڵێت: هەموو ئەو چالاکیانەی پەیوەندیان بەنەوت و گازەوە هەیە ئەبێ شەفافیەتیان تێداهەبێ و بەشێوەیەکی مەسئولانە بەرەوپێش بچن، بۆ ئەوەی کەئەم شەفافیەتە هەبێ و خەڵکی عێراق بتوانێت بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی ئۆرگانەکانی حکومەت و چالاکیەکانیان لەم بوارەدا دەبێ ئەم کۆمەڵە زانیاریەی خوارەوە کەباسدەکرێ بلاوبکرێتەوەو زانیاری زیاتریش رێگەی لێنەگیرێ: ١/ بلاوکردنەوەی هەموو ئەو داهاتانەی لەنەوت و گازەوە دەست دەکەون و دەدرێت بەبەشە حکومیەکان وەیان ئەو دامەزراوانەی سەر بەحکومەتن ئەو داهاتەنەش لەچەشنی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاوو گازو بەروبوومەکانیان، باجەکان و رسومات و پاداشتەکان و ....تاد. لەخاڵی سێیەم و چوارەمیشدا بەرۆشنی دەڵێت کەهەموو گرێبەستە گرنگەکانی تایبەت بەدۆزینەوەو دەرهێنان و هەناردەی نەوت و هەموو ئەو گرێبەستانەی تایبەتن بەهاوردەی کاڵاکان و خزمەتگوزاریەکان بۆ کەرتی پیشەسازی نەوت و گاز دەبێ بلاوبکرێنەوە.

بەهەرحاڵ جگە لەدەقە یاساییەکان گرنگتر ئەوەیە کەئەو گرێبەستە گرنگانە نابێ لەچاوی راگەیاندن بشارێنەوە وەیان بەبێ ئاگاداری خەڵکی کوردستان بەنهێنی و بەئەسپایی واژووبکرێن..نەك هەر ئەو گرێبەستانە لەحکومەتی فیدراڵی شاردراونەتەوە بگرە خودی پەرلەمانی کوردستانیش زانیاری لەو بارەیەوە نیەو هەموو لەبازنەیەکی زۆر بەرتەسکدا لەحکومەتی هەرێمدا چڕکراوەتەوە، لەمبارەیەوە ئیبراهیم بحر العلوم وەزیری نەوتی پێشووی عێراق لەدیمانەیەکی رۆژنامەی ئاوێنەدا رایگەیاند کەنەك هەر بەغداد بەڵکو خودی پەرلەمانی کوردستانیش ئاگای لەو گرێبەستانە نیە! هاوکات پارلەمانتاری کورد دلیر حەقی شاوەیش سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ سبەی رایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەو گرێبەستانەیە، بەلام کاری ئێمە نیە بچینە هەموو وردەکاریەکان و کاری حکومەت بکەین.*٣٦

لەلایەکی ترەوە هەر دوای ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستانە ژمارەیەك پسپۆری ئابووری لەکوردستان نامەیەکی نارەزایەتیان نوسی و تیایدا خوازیاری راگەیاندن و ئاشکراکردنی گرێبەستەکان بوون، هەر لەمبارەیەوە د. محمد رەوف لەدیمانەیەکی رۆژنامەی هاوولاتیدا کاتێك رایگەیاند ئەو گرێبەستانە نهێنی ماونەتەوەو پێویستە ئاشکرابکرێن لەبەرانبەردا واجد شاکر عبدالله وەکو راوێژکاری یاسایی ئەنجوومەنی وەزیران وەلامێکی توندی د.محمد رەوف دایەوەو لەسەر شاردنەوەی گرێبەستەکان پێداگربوو، دواتریش لەدیمانەیەکی تایبەتی هەمان رۆژنامەدا واتە هاوولاتی لەبەرواری ٢٠-٢-٢٠٠٨دا ناوبراو رایگەیاند کەپەرلەمان ئەو گرێبەستانەی نەبینیوە بەلام متمانەی بەحکومەت هەیەو دواتر ئەوانە ئاشکرادەکرێن.*٣٧

لەراستیدا شاردنەوەی گرێبەستەکان هەم لەلایەنی حکومەتی هەرێمەوەیەو هەم لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت و گازەوەیە، هەرچی کۆمپانیا بیانیەکانە لەجیهاندا ئەوە هەمیشە هەوڵدەدەن ناوەرۆکی راستەقینەی گرێبەستەکان بشارنەوەو راستیەکان بکەن بەقوربانی قازانجپەرستی خۆیان، ئەوان بۆ ئەو مەبەستە ساختە دەکەن و بەرتیل دەدەن، مافیا دروست دەکەن، بەقاچاغ نەوت وگاز دەگوێزنەوە، دەوڵەتەکان و سیاسەتمەدارە سەرەکیەکان دەکڕن وەیان دەیانخەنە ژێر گوشاری خۆیانەوە بۆ سەپاندنی

پڕۆژەكانیان، تەنانەت لەهەندێك وولاتدا ئەو كۆمپانیایانە باندی چەكداری دروست دەكەن و مووچەی بەسەدان و هەزاران چەكدار بۆ ئەو مەبەستە دابین دەكەن..كارنامەی بەشێكی زۆری كۆمپانیاكانی سامانە سروشتیەكان، وەك نەوت، گاز، ئاو، ئەڵماس و كانزاگرانبەهاكانی تر بەتایبەتی لەوولاتانی ئەمریكای لاتین و وولاتانی ئەفریقادا بەڕادەیەك قێزەوون و رەشە كەپەڵەیەكی نەنگە بەتەوێلی مرۆڤایەتی هاوچەرخەوە. (هەر خودی بەڕێوەبەری دانا گاز خاوەنەكەی بەرهەمهێنەری چەكی كۆمەڵ كوژبوو بۆ نیزامێك كەهەرگیز سڵی لەبەكارهێنانیان نەكردۆتەوە و بگرە شانازی پێوەكردووە!).

هەرچەندە عێراق و كوردستان لەدەیان ساڵی رابردوودا بازاڕێكی داخراو بووە بەرووی ئەم كۆمپانیایانەدا بەلام وائیتر ئەو بازاڕە كراوەتەوەو ئەگەر زەوابت و ستانداردی زۆر ووردو كاریگەر بۆ كارو چالاكی ئەم كۆمپانیایانە دانەنرێت ئاكامی زۆر مەترسیداری لێدەكەوێتەوە.ئالێرەدایە كەشاردنەوەی گرێبەستەكان لەلایەن ئەو كۆمپانیایانەوەو گوشار دروستكردن بۆ ئەوەی هەر بەنهێنی بمێنێتەوە تۆماركردنی یەكەمین خاڵی رەشە لەكارنامەی ئەوان لەهەرێمی كوردستاندا. خودی ئەوەی كەئەو كۆمپانیایانە بەنێچیرڤان بارزانی یان ووتوە كەموهتەم نین بەناڕەزایەتیەكانی شەهرستانی و پێشتر ئاماژەمان پێكرد نیشانەیەكی زیندووی ئەوەیە كەئەو كۆمپانیایانە بەم ئاراستەیەدا كاردەكەن..

بەلام ئەگەر ئەوە كارنامەی ئەوان بێ خەڵكی كوردستان و عێراق نابێت نابێ شاردنەوەی ئەو گرێبەستانە قبووڵ بكەن، هاوشێوەی خەڵكی ئازەربایجان و هاوپەیمانەكانی كەئەو كارەیان لەسەرۆك و دكتاتۆری وولات عەلییف قبووڵ نەكرد و خوازیاری ئاشكراكردنی راستیەكانی گرێبەستەكانی بۆری باكۆ-جیهان بوون و سەرەنجامیش كاتێك ئەو گرێبەستە لەوەزارەتەكانی حكومەتی بەریتانیاش شاراوەبوو ئیحراجیەكی زۆری بۆ تۆنی بلیر كەپاڵپشتی كۆمپانیاكەبوو دروستكرد.[*٣٨]

لەلایەكیترەوە ئەو گرێبەستانەی واژۆكراون بەتەندەر نەدراون بەو كۆمپانیایانەو خودی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان ئەو كۆمپانیایانەی هەڵبژاردووەو گرێبەستی لەگەڵدا واژووكردوون. ئەمە كارەساتێكی گەورەی ئەو گرێبەستانەیە كەنە بەتەندەر دراون و نەهیچ پێشبڕكێیەك لەنێوان كۆمپانیاكاندا هەبووە بۆ ئەوەی بەكەمترین نرخ و بەكەمترین ریژەی قازانج بۆ كۆمپانیاكان ئەو گرێبەستانە واژووبكرێن.. لەم بارودۆخەدایە كەدەنگۆی گەندەڵی لەگرێبەستە نەوتیەكاندا گوێكەڕ دەكات و بەهەموو لایەكدا بڵاودەبێتەوە، مایكل رۆبن لەراپۆرتەكەی بەناوی "ئایا كوردستانی عێراق هاوپەیمانیكی باشە؟"[*٣٩] تەوەرێكی باسەكەی لەسەر گەندەڵی گرێبەستە نەوتیەكان بوو، ئێستاشی لەسەر بێت بەرپرسانی هەرێم جگە لەهێرش و تۆمەت هەڵبەستن و سوكایەتی بەو كەسە وەلامێكیان بەو تۆمەتانە نەدایەوەو تەنانەت نەچوونە سەر راستی و دروستی ئەو تۆمەتانەی تایبەتن بەگرێبەستەكانی نەوت و گاز..

* * *

## نەوت و ژینگەی كوردستان

دەرهێنانی نەوت و گاز بەو رێژەیەی كەپلانی بۆ دانراوە ناوچە جۆراوجۆرەكانی هەرێمی كوردستان و هەر سێ پارێزگاكەو بەشێكی گرنگی ناوچە دابڕاوەكان دەگرێتەوە، هەروەها راكێشانی بۆریەكانی گازو

نەوت چ بۆ هەناردەی نەوت بۆ تورکیا چ بۆ دابەشکردن و گەیاندنی بۆ وێستەگەکان بەناوچەیەکی فراواندا تێپەڕدەبێ. هەموو ئەمانە واتە بەشێکی بەرچاوی ژینگەی کوردستان بەهۆی ئەم پیشەسازیەوە لەبەرانبەر مەترسی پیسبوونی ژینگەدایە، لەمبارەیەوە هەڵپە بۆ دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی هیچ پلانێکی پاراستنی ژینگەی لەپشتەوەنیە، تاکو ئێستا یاسای پاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستاندا لەئارادانیە، هەروەها ئەو یاسای نەوت و گازەیش کەداڕێژراوە لەمبارەیەوە شتێکی نەوتووە جگەلە کۆمەلێك قسەی گشتی نەبێت..تەنها لەماددەی ٢٦دا نەبێت کەخاڵێکی تایبەتە بەم مەسەلەیە، خاڵی سێیەم لەم ماددەیە بڕگەی سێ دەڵێت کەوەرگرتنی مۆڵەت پێویستی بەوەیە کە:پاراستنی ژینگەو خۆپاراستن لەپیسبوون و کەمکردنەوەو چارەسەرکردن و خۆپاراستن لەهەر جۆرە زیانێکی کەبەژینگە بگات لەئاکامی پرۆسیسە نەوتیەکانەوە" هەروەها ئەم یاسایە خۆی شتێکی لەمبارەیەوە نەوتووەو تەنها لەماددەی ٥٣دا باس لەوەدەکات کەدەبێت وەزیری نەوت ڕێنمایی دەربکات بۆ پاراستنی ژینگە!

لەراستیدا پاراستنی ژینگە ڕێنمایی پێویست نیە، یاسایەکی مەحکەم و توندوتۆڵی پێویستە، مێژووی دەرهێنانی نەوت مێژووی پیسبوونی ژینگەیە، لەنێوچوونی زەویە کشتوکاڵیەکان و فەوتانی دارستانەکان و پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی و بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکانی سەرەتان و .....تاد. هەڵپە بۆ دەرهێنانی نەوت لەئیکوادۆر سەرەنجام بووبەهۆی لەنێوچوونی یەکێك لەدارستانە مەزنەکانی گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگەی ئەو وولاتە، لەدەلتای نەیجەر ئێستاش بەدەست نەخۆشیە کوشندەکانی ئەو ناوچەیەوە دەناڵێن و کۆمپانیای شیل لەسەر ئەو کارە بەردباران دەکەن، هێشتا خەڵکی ولایەتی ئالاسکا رازی‌نەبوون نەوت لەدارستانە گەورەکانی ناوچەی ئەنوار دەربهێنرێت و جوانیەکانی ئەو ناوچەیە لەبەین بەرێت، کاتێك بڕیاربوو بۆریەکانی باکۆ –جیهان لەئازەربایجانەوە بەجۆرجیادا بڕوات و پارکی نیشتمانی ئەو وولاتە ببڕێت وەزیری ژینگەی ئەو وولاتە ناڕەزایەتی دەربڕی و بەو پرۆژەیە رازی نەبوو لەبەرئەوەی پێشلیکاری بوو بەرانبەر بەیاسای ژینگەی ئەو وولاتەن ئەمانەو بەسەدان نموونەی تر هەیە کەتیایدا خەڵك ئامادەنین ژینگەی خۆیان لەناوبەرن بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و کۆمپانیا بیانیەکان و قازانجپەرستی ئەوان.

ئێمە یاسای ژینگەپارێزیمان نیە، بۆیە خەڵکی ئەم وولاتەش دەبێت هەوڵ بدەن تاکو نەبن بەقوربانی دوکەڵە رەشەکان و قازانجپەرستی کۆمپانیاکان و ناچاریان بکەن کەبۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان دەست لەقازانجەکانیان شل بکەن. یەکێك لەجیۆلۆجیستەکانی کوردستان لەمبارەیەوە هاواری لێبەرزبۆوەو رایگەیاند کەدانانی پاڵاوتگە لەبازیان هەڵەیەکی گەورەیەو بەزەرەری ژینگەی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە چونکە بازیان دەوڵەمەندترین سەرچاوی ئاوی ژێرزەویە لەکوردستاندا. بەهەرحاڵ پێویستی دەرکردن و دارشتنی یاسایەکی ژینگە تایبەت لەمبارەیەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ ژیان و تەندروستی و ژینگە هەرێمی کوردستان..

## مەسەلەی کورد و مەسەلەی نەوت

لەراستیدا ئەو یاسایەو ئەو گرێبەستانەی واژووکراون دیسانەوە مەسەلەی کورد و مەسەلەی نەوتی تێکەڵ بەیەك کردەوە.. ئەمجارەیش مەسەلەی کورد و مەسەلەی نەوت تێکەڵاوی یەکترکرانەوەو چیرۆکە

کۆنەکانی ئەم مەسەلەیەو برین و زامە کۆنەکانیان هەڵدایەوە. نامەوێ دیسانەوە بچمە سەر پەیوەندیی و یەکانگیریی و هەستیاری ئەو دوو مەسەلەیەو بەو ئومێدەی بتوانین لەفرسەتی تردا باسی بکەین. [*٤٠]

بەڵام ئەوەی کەگرنگە ئەوەیە کەتێکەڵاوکردنی مافەنەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بەمەسەلەی نەوتەوە ستراتیژێکی هەڵەیەو بەشێکە لەچاوچنۆکی و تەماحی سەرمایەدارانی کورد. هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا بودجەی خۆی لەحکومەتی فیدراڵی وەردەگرێ پێویستی بەو شەڕە گەورەیەی ئەم دواییە لەسەر نەوت و چاڵە نەوتەکان نەبوو، لەدەستووردا مافی هەرێم بەرەسمی ناسراوە بۆ دەرهێنانی نەوت و پەرەدان بەپیشەسازی ئەو کەرتەو تەرخانکردنی بۆ هەرێمە زیانلێکەوتووەکان، بەکارهێنانی ئەم مافانە دەستوورین و دەکرێ حکومەتی هەرێم پراکتیزەی بکات بۆ قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەك دەسەلاتداران، بەڵام ئەوەی کەگوزەراو دەگوزەرێ بەکارهێنانی چەکی نەوت و گاز بوو لەململانێ لەسەر ناوچە دابڕاوەکان، ئەمەش لەبری ئەوەی خزمەت بەعادیلانەبوونی خواستی چارەسەری زوڵمی نەتەوەیی کورد بکات زیاتر بارگرژی دروست کردو نەیارەکانی ئەم مەسەلەیەی خستە پاڵیەك، بەشێك لەو گرێبەستانەی مۆرکران لەم دواییانەدا لەبری ئەوەی هاوسۆزیەك لەگەڵ خەڵکی کوردستان و مەسەلە رەواکەیدا دروست بکات بارگرژیی و تووڕەیی زیاتری دروست کردووەو تەنانەت پەرەی بەلایەنە شوفینیستە عەرەبەکان و لایەنە ئیسلامیەکان و چەندین لایەنی تر داوە تاکو زیاتر رای گشتی بەدژی مەسەلەی کورد هەڵخرێنن..بەهۆی ئەم کارانەوە کوردەکان لەفراوانترین ئاستدا وەکو تەماحکارو چاوچنۆك و تالانچی نەوت ناسێنران، لەبری ئەوەی کەدەنگێك بن بۆ پاراستنی سامان و سەرچاوە سروشتیەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتەکان بەسەر خەڵکی عێراقدا...

* * *

## چوارچێوەو ئاسۆی ململانێکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی

بەکردەوە لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان و وەزارەتی نەوتی عێراق لەململانێ و شەڕی دەستەویەخەدان، شەڕ لەسەر نەوت و چاڵەنەوت و حەقلە گازیەکان و گرێبەستەکان کەبەهاکانیان بەدەیان ملیار دۆلارە!، ئەم ململانێیانە بەئاسانی دروست نابن و کۆتایی نایەن و مێژووی عێراق خۆی، مێژووی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین و ئاسیای ناوەڕاست هەموو ئەو راستیە دووپات دەکەنەوە.

هەرچەندە ئەمڕۆ کێشەکە هاتۆتە سەر ئەوەی نەوت و گازو سەرچاوە سروشتیەکان لەدەستی کێدابێت حکومەتی هەرێم وەیان حکومەتی فیدراڵی وە هاتۆتەسەر بەرگریکردن لەسانترالیزم و مەرکەزیەت وەیان فیدرالیزم و فراوانکردنەوەی بۆ کۆنفیدرالیزم، بەڵام لەراستیدا گرنگترین کێشە کەباس ناکرێت ئەوەیە کەچۆن پیشەسازی نەوت بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و عێراق دادەمەزرێت، داهاتەکانی نەوت چۆن و بەچ شێوەیەك بۆ قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراق تەرخاندەکرێت، ئەگەرچی بەلای دەسەلاتدارانەوە ئەوە گرنگە کەکام یەك لەو دوو لایەنە لەپێش ئەویترەوە دەستی لەو سەرچاوەو داهاتانە گیردەبێ، بەلام لەراستیدا گرنگ ئەوەیە چۆن پیشەسازی نەوت و داهاتەکانی بنیات دەنرێتەوەو بۆ خزمەتی خەڵکی عێراق و کوردستان ئاراستەدەکرێ و بۆ جارێکیتر ئەو نەهامەتیانەی رژێمی بەعسی پێشوو دووبارەناکرێتەوە.. لەم روانگەیەوە جەوهەری مەسەلەکە پەیوەندی بەدادپەروەری و یەکسانی و

خۆشگوزەرانی مرۆڤەکانی ئەم وولاتە هەیە نەك شەڕی نێوان دوو بەش لەدەسەڵاتدارانی ئەم وولاتە لەسەر پترۆدۆلارەکان و کەڵەکەکردنی لەسەریەك..

لەبەرئەوە گرنگترین خاڵ ئەوەیە کەپیشەسازی نەوت بەجۆرێك بنیات بنرێتەوە و ئاراستەبکرێ کەوەڵامدەرەوەی پێویستیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ناوخۆی هەرێم و عێراق بێت، وە دووەم سیاسەتێکی عادیلانە لەبواری دابەشکردنی داهاتە نەوتیەکاندا دابڕێژرێت. هەر ئێستا رۆژانە عێراق داهاتێکی گەورەی لەفرۆشتنی نەوتی خاو دەستدەکەوێت، بەڵام بارودۆخی ژیان و گوزەرانی هەر بەرەو خراپتر دەچێت، گەندەڵی و هەڵلووشینی ئەو داهاتانە لەلایەن داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بەبەرچاوی هەمووانەوەیە، خەڵکی عێراق ساڵانە چەندین ملیار دۆلار زەرەرمەندن لەتاڵانکردنی بەردەوامی نەوتی عێراق بەهۆی گەندەڵی و بەهۆی قاچاخچێتی میناکانی ئەبوفلوس و میناکانی تری عێراقەوە، بەپێی راپۆرتی گاردیان تەنها بەهۆی قاچاخچێتی نەوتەوە خێڵێکی کەخەریکی قاچاغچێتین لەو مینایەدا هەفتانە ٥ملیۆن دۆلار داهاتیان چنگ دەکەوێ!![*٤١]، ئەمانەو سەرباری دزینی نەوتی باشوور لەلایەن ئێران و کوەیت و ئەوانی ترەوە کەراپۆرتەکان خەریکە روونتر لەرابردوو پەردەی لەسەر هەڵدەماڵن..

هەرچی بەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە ئەوە بەرهەمهێنان تازە دەستی پێکردووە لەم هەرێمەدا بەڵام هەر ئێستا بەدەیان هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە لەکێڵگەی تاوك و تەق تەقەوە بەرهەمدەهێنرێ و ئاستی بەرهەم بۆ ٢٥٠ هەزار بەرمیل ملدەنێت بەڵام هێشتا بۆ خەڵکی کوردستان رۆشن نیە کەداهاتەکەی چی بەسەر دێت و چۆن بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان تەرخان دەکرێ.

بڕیارنیە ئەم نەوت و سەرچاوە گرنگە بەتاڵان ببرێ وەیان بەفیڕۆ بدرێ، بڕیارە بەسیاسەت و ستراتیژێکی گشتی و سەرانسەری ئەم بارودۆخە چارەسەربکرێت. ئێمە پێویستمان بەسیاسەت و ستراتیژێکی ئابووری رۆشن هەیە بۆ گەشەو پلانی ئابووری، ئەوەی کەهەیە بێبەرنامەیی و ئاژاوەو بێسەروسامانی ئابووریە.

ئەوەندەی کەپەیوەندی هەرێمی کوردستانەوە هەیە لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کەخواستی ئەم هەرێمە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و واژووکردنی گرێبەستەکان پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی کارپێکراونیە، هەرێم مافی هەیە گرێبەستی نەوتی واژووبکات و دەستوور ئەو مافەی پێداوەو حاشای لێناکرێت، هەرچەندە رەشنوسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئەو مافەی پێنەداوەو وەکو باسمان کرد خودی ئەو رەشنوسە پاشگەزبوونەوەیە لەدیسانترالیزمی (لامەرکەزیەت) پێشوو، بەڵام هاوکات بەپێی دەستوور هێشتا دەبێت حکومەتی هەرێم بگەڕێتەوە بۆ لای حکومەتی فیدراڵی و بەهەماهەنگی ئەو کارانە بەرەوپێشبەرێت و یەکلایەنە نەچێتەپێش بەتایبەت لەناوچە دابڕاوەکاندا کەهێشتا بەپێی دەستور چارەنوسیان یەکلانەبۆتەوە و نەحکومەتی فیدراڵی و نەحکومەتی هەرێم نابێت تایەکلابوونەوەی ئەو مەسەلەیە ئەو کێڵگەو حەقلە غازیان بدەن بەکۆمپانیاکان و گرێبەستیان لەگەڵدا مۆربکەن.

هەروەها خواستی داواکردنی بەشە نەوت ئەگەر تەنانەت لەروانگەی حکومەتی هەرێمەوە خواستێکی رەوابێ هێشتا لەدەستووردا نیەو لەهیچ رێککەوتنێکی هاوبەشی نێوان هەردوولادا ئەو مەسەلەیە

یەکلانەبۆتەوە. ئەگەر هەرێم خواستێکی وای هەیە ئەوەدەبێت بەرۆشنی وەکو چۆن خەڵکی ئالاسکا بەرۆشنی باسیان کردو لەدەستووروو یاساکاندا جێگیریان کرد وەیان چۆن "جۆن گەرەنگ" (هەرچەندە ئەمە وەکو نموونەیەك دەهێنمەوەو مەبەستم لەپشتگیری لەبزووتنەوەکەی گەرەنگ نیە) بەئاشکرا خوازیاری ٥٠٪ لەسەدی نەوتی باشوور بوو وەئەوەی جێگیرکرد، دەبێت هەرێمیش بەرۆشنی خواستی سیاسی و ئابووری و دەستووری خۆی بخاتە ناو پەرلەمانی عێراق و بەمیکانیزمی دیموکراتی و سیاسی بیرێتەوە نەك بەخۆسەپاندن و شەڕو پەنابردن بۆ چەکی نەوت و گاز لەو بەرەنگاریەکاندا..دیارە حکومەتی فیدراڵیش ئەگەر دەیەوێت ئەم کێشانە بەشێوەی سیاسی و دیموکراتی چارەسەربکات ئەوە دەبێت دەستی هەرێم بگرێ بۆ ئەو ئاراستەیە نەك سیاسەتی هەڕەشەی سیاسی و ئابووری و سزادان و هەڕەشەی سەربازی بکات بەبنەمای رووبەرووبوونەوەکانی. ئەم جۆرە سیاسەتانە جگەلەبارگرژی و شەڕو ململانێ و بەبنەبەست گەیاندنی زیاتر هیچی تری لێناکەوێتەوە..

* * *

## ئایا هەرێمی کوردستان لە "پاشەڕۆی شەیتاندا" نووقم دەبێ؟

### ( ئەنجامگیری و دواووتە )

پیشەسازی نەوت ماوەی چەند ساڵێکە لەهەرێمی کوردستاندا دەستی پێکردووەو هەڵپە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بەهۆی قازانجە زۆرەکەی بۆ کۆمپانیا بیانیەکان و بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان تاوی سەندووە.. زۆرن ئەوانەی لەبازنەی دەسەڵاتداراندا زۆر بەگەشبینیەوە بۆ ئەم مەسەلەیە دەڕوانن و دەیانەوێ دڵی خەڵکی کوردستانیشی پێخۆش بکەن.

بێگومان دەستپێکردنی ئەم پیشەسازیە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئێستاو ئایندەو داهاتوومان، بۆیە دەبێت هەستیاربین بەرانبەر ئەم مەسەلەیەو بەووردی لێی بکۆڵینەوە.

ئەگەر دڵخۆش دەکەین بەوەی بووین بەخاوەنی سەرچاوەیەکی سەرەکی ووزە لەم هەرێمەدا دەبێ نیگەرانیەکانیشمان نەشارینەوەو بەجددی باسی بکەین، نزیك بەتەواوی ئەو ووڵاتانەی دەیان ساڵە نەوت و گاز تیایاندا بەرهەم دەهێنرێ بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاو ئاسیای ناوەڕاست زۆر دواکەوتووترن لەو ووڵاتانەیتر کەئەو سەرچاوەیەیان نیە! بەپێی هەموو ستاندارده ئابووریەکان ئەو ووڵاتانە بەدەست دواکەوتوویی و پاشەکشەو قەیرانی ئابووریەوە دەناڵێنن، وەزیری نەوتی سعودیە لەلێدوانێکی تایبەتدا سەبارەت بەم مەسەلەیە ووتی "خۆزگە لەبری نەوت ئاومان لەژێر زەویدا بدۆزیایەتەوە"! هەروەها خوان بابلۆ یەکێك لەدامەزرێنەرانی رێکخراوی ئۆپیك لەبارەی نەگبەتیەکانی دۆزینەوەو بوونی نەوتەوە لەووڵاتێکدا دەڵێت "نەوت پاشەڕۆی شەیتانە، ئێمە خەریکین لەو پاشەڕۆیەدا نوقم دەبین"*[٤٢]

لەراستیدا نەوت بۆ ووڵاتانی هەناردەی نەوت ووڵاتە هایدرۆکاربۆنیەکان (جگە لەووڵاتانی باکوری زەوی) بووە بەپاشەڕۆی شەیتان، ئەگینا لەووڵاتانی باکوری زەوی لەچەشنی روسیا و نەرویج و کەنەداو ئەمریکاو.....تاد بووە بەسەرچاوەیەکی ووزەی گرنگ بۆ پەرەپێدان و گەشەو پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هۆی ئەم بارودۆخە دەبێت لەخودی سیستمی سەرمایەداری جیهان و دامەزراندنی

پیشەسازی نەوتی جیهانیدا بۆی بگەڕێین. کاتێك یەکەمین دۆزینەوەو بەکارهێنانی هاوچەرخانەی نەوت(چونکە لەمێژە مرۆڤایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر نەوتی بەکارهێناوە لەکۆمەڵگا لۆکاڵیەکاندا) لەساڵی ١٨٥٩ بوو لەبیرە نەوتەکانی پنسلفانیای ئەمریکاوە دەستی پێکرد لەوکاتەوە بەرهەمهێنان و پاڵاوتن و بەکارهێنانی نەوت (پیشەسازی نەوت) وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی ووزە دەستی پێکرد، بەڵام تەنها لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە نەوت بوو بەکاڵایەکی جیهانی بەتایبەتی دوای گەشەسەندنی پیشەسازی ئۆتۆمبێل و هەژموونی ئەو بەشە بەسەر کەرتە ئابووریەکانی تردا لەووڵاتانی پێشکەوتووە سەرمایەداریەکانی ئەمریکاو رۆژئاوادا، لەو کاتەوە بوو بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ووزەو ئامانجێکی ستراتیژی بەتایبەتی بۆ ووڵاتانی ئیمپریالیستی، بەرادەیەك کەبوو بەبەشێك لەستراتیژی ئەمنی نەتەوەیی ئەو ووڵاتانە.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە ئیتر نەخشەی پیشەسازی نەوتی جیهان بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوو: یەکەم: ووڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکانی دنیا(کەدامەزراندنی پیشەسازی نەوت تیایاندا بەرهەمی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری ناوخۆیان بوو) کەبەپلەی یەکەم هاوردەو بەکارهێنەری سەرەکی نەوتی جیهانن و هاوکات لەرێگەی کۆمپانیاکانیانەوە بەرهەمهێنەری سەرەکی ئەو سەرچاوەیەن، دووەم: ووڵاتانی هەناردەی نەوت کەپیشەسازی نەوت تیایاندا لەسەر بناغەی داواکاری ئەو ووڵاتانە لەبازاڕی جیهانیدا بۆ نەوت و گاز راوەستاوە. هەڵبەت هەندێك لەووڵاتانی دنیا هەم بەرهەمهێنەری نەوت و گازن هەم بەکارهێنەری سەرەکی ئەو سەرچاوەیەن لەچەشنی ئەمریکا کەرۆژانە نزیك بە٢١ ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەهێنێ و تەنها ١١ ملیۆن بەرمیلی خۆماڵی هەیەو باقیاتەکەی نەوتی هاوردەیە، وەیان چین کەخۆی بەکارهێنەری ٨ملیۆن بەرمیل نەوتە لەڕۆژێکداو خۆی بەرهەمهێنەری ٣ملیۆن و نیو بەرمیلە.*[٤٣]

لەبەرئەوەی ووڵاتانی هەناردەی نەوت لەبناغەدا پیشەسازی نەوت (دەرهێنان، پەرەپێدان، ئاستی بەرهەم و رێژەی هەناردەی نەوت) پاشکۆی بازاڕی جیهانی و ئاستی داواکاریەکانی ووڵاتانی رۆژئاواو یابان و ووڵاتانی پێشکەوتووی ترە، لەبەرئەوە هەموو ئەو ووڵاتانە بوون بەووڵاتی هەناردەی کەسەرە خاوەکان و نوقمی "پاشەڕۆی شەیتان" بوون، لەبری ئەوەی نەوت داینەمۆیەکی گەشەو پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و خۆشگوزەرانی بێ هۆیەکە بۆ پاشکەووتوویی و ژێردەستەیی ئیمپریالیستی و پەرەسەندنی ململانێ و جەنگی ناوخۆیی و چوونە ناو قۆناغی ئیستبدادە تاریکەکان، بووە بەئابووری سیاسی تۆتالیتاریزم، بوون بەکانوونی هەژموونی کۆمپانیاکان و بەرتیلخۆری و گەندەڵی، کۆیلەی قەرزە درێژماوەکان، نموونەیەك بۆ بۆ نابووتی سیاسی و ئابووری و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردەی "نەخۆشی هۆڵەندی"، ئەو نەخۆشیە ئابووریەی هەموو ووڵاتە نەوتیەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن.

لەبەرئەوە تەنیا کاتێك ووڵاتانی هەناردەی نەوت دەتوانن لەرووی ئابووریەوە پێشبکەون کەلەو بازنەیە دەربچن و بناغەی پیشەسازی نەوت تیایاندا لەسەر بنەمای پێویستیەکانی ناوخۆ بێ، نەك داواکاری کۆمپانیاکانی نەوت و پێویستیەکانی ئەوروپا و ئەمریکاو ووڵاتانی‌تر. ستراتیژێکی لەو جۆرە هەمان شکست و نابودی ئابووری پێشووی ئەو ووڵاتانەو خودی عێراقیش دووبارە دەکاتەوە..

هەرێمی کوردستان لەم رەهەندانە بەدەرنیە، کاتێك ئەم هەرێمە ببێت بەجێگایەك بۆ ململانێ و تەماح و چاوچنۆکی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت و گازو حکومەت و دەوڵەتێکی بەهێز لەئارادا نەبێ کەئیرادەو خواستی خەڵکی ئەو وولاتە لەمەیداندا بسەپێنێت ئیتر دامەزراندن و گەشەی پیشەسازی نەوت و گاز بەم سیاسەت و ستراتیژە کۆنانەوە کەدەسەلاتدرانی کوردستان و عێراق پراکتیزەی دەکەن سەرەتایەکە بۆ "نەفرەتی سامانە سروشتیەکان"، رەنگە رۆژگارێك بێت خەڵکی کوردستان کاتێك ئاوڕ لەم دەورەیە دەدەنەوە وەکو قۆناغێکی ترسناك وەسفی بکەن، بەتایبەتی کەئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئەمڕۆی کوردستاندا هەیە، ئەزموونی دەستبەسەراگرتنی ماڵ و سامانی گشتی و تەرخانکردنی بۆ خۆیان و حزبەکانیان و سەفتەکردنی سەرمایەکانیان لەبانقەکانی سویسراو بانقەکانی تری ئەوروپاو ئەمریکادا.

نیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستان ئەوەیە ئەم سەرچاوەیە مێخی پاشکەوتوویی درێژماوە بەسەر سنگیاندا داکوتێ، داهاتە خەیاڵیەکانی نەوت بەدەردی داهاتی خاڵە گومرگیەکانی ئیبراهیم خەلیل و خاڵە گومرگیەکانی تری دەیەی نەوەتەکان بچێت، بەدەردی ئەو بودجەیە بچێت کەماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە دەگات بەکوردستان، بۆیە هەقمانە زۆر نیگەران بین و بپرسین لەوەی ئەو سەرچاوەیە چۆن و بەچ شێوەیەك داهاتەکانی کۆدەبێتەوەو چیان بەسەر دێت؟ هەقمانە بپرسین لەبارودۆخێکدا کەپارە پیسەکان هەمیشە دەشۆرێنەوەو پەیتا پەیتا رەوانەی دەرەوە دەکرێن، هیچ زەوابتێك لەسەر تەهریب و ناردنە دەرەوەی سەرمایە لەم مەملەکەتەدا نیەو زۆر بەسانایی بەدەیان ملیۆن دۆلار لێرەوە بەرەو بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکا مل دەنێن!! لەم بارودۆخەدا دەبێت بەقووڵی لەمانا سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو یاسایەو گرێبەستەکان و ئەو ململانێیانەی لەم بوارەدا سەریان هەڵداوە بکۆڵینەوە.. بۆیە ئەم یاسایە گرنگە تاکو دڵنیا بین لەخۆمان و لەداهاتوومان، دڵنیابین لەوەی ئەو داهاتە نەوتیانە دەسەلاتداران ناباتە ئاسمان و خەڵکیش بۆ ژێر زەوی، دڵنیا بین لەوەی سەرمایەی ئەو سەرچاوانە نەبێ بەچەکێك بۆ کڕینی ویژدانەکان و توندکردنەوەی دامودەزگا میلیتاریەکان و سەپاندنی سەرکوتگەری و سەرەنجام خامۆشکردنی دەنگەکان و پەرەدان بەتۆتالیتاریزم..

ئەم چارەنوسە حەتمی نیە، هەر ئێستا لەوولاتانێکی تری وەك نەرویج و ئالاسکاو رووسیا ئەو سەرچاوەیە بووە بە هۆیەك بۆ پەرەسەندنی زیاتری ئابوری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لەشوێنێکی وەکو فەنزویلا داهاتی نەوت و گاز بووە بەسەرچاوەیەك بۆ باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەژارو دەسکورتی ئەو وولاتەو پەرەسەندنی بیمەو زەمانەتە کۆمەڵایەتیەکان. بەبڕوای من هەنگاوی سەرەکی بۆ گۆڕینی ئەو ئاراستەو چارەنوسانە ئەوەیە کەپیشەسازی نەوت وەکو پیشەسازیەك کەبەتەواوی لەدەستی دەوڵەتدا بێت رووی لەوەڵامدانەوەی پێویستیە ئابووریەکانی ناوخۆ بێ، وەلەبناغەدا بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێت و پێشبکەوێت، لەم بوارەدا پێویستە بەرۆشنی کەڵکوەربگرین لەئەزموونی ئالاسکا لەبواری دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتداو لەئەزموونی فەنزویلا لەبواری دادپەروەری و تۆڕی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و لەئەزموونی کەنەدا لەبواری دامەزراندنی پیشەسازی نەوت و

خۆرزگاکردن لەپاشکۆیی.. لەسایەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو وولاتە بەتایبەتی لەڕێگەی دارِشتنی "سیاسەتی نیشتمانی ووزە" لەسایەی حکومەتەکەی بیر ترودۆدا لەساڵی هەشتاکاندا، ڕێگای لەهەژموونیو باڵادەستی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکای دراوسێی بەست، بەرۆشنی رایگەیاند کەکەنەدا نایەوێت ببێت بەوولاتێکی هایدرۆکاربۆنی رووتو هەناردەی کەرەسە خاوەکان! نایەوێت ببێت بەمانگای دۆشراوی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا، ئەم سیاسەتو ستراتیژیە لەماوەی دەیانساڵدا لەپاڵ فاکتەرو هۆیەکانی تردا رۆڵێکی گرنگی گێرا لەپێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی پیشەسازیەکانی ئەو وولاتەدا*[٤٤]. لەبەرئەوە ئەگەر بڕیارە هەرێمی کوردستانیش ببێت بەهەرێمی هەناردەی کەسەرە خاوەکان ئیتر دەبێت چاوەڕێی نەفرەتی سامانە سروشتیەکان بێو بەئەسپایی وەکو مانگا تا دڵۆپ بدۆشرێ! بەلام ئەگەر دەیەوێت کەڵك لەئەزموونی کەنەداو ئەو ئەزموونانەیتر وەربگرێ ئەوە پێویستە ستراتیژی دەرهێنانی نەوت بەشێك بێ لەوەڵامدانەوە بەپێداویستیەکانی گەشەی ئابووری ناوخۆ نەك وەڵامبێت بەداواکاری بازاڕی جیهانیو وولاتانی پێشکەوتووی جیهانی. بەو رادەیە نەوت دەربهێنرێ کەلەگەڵ ئاستی داواکاریە ئابووریەکانی ناوخۆدا بگونجێتو ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەوەیش بۆ هەناردە تەرخان بکرێت. ئەمە یەکێك لەهەنگاوە گرنگەکانە بۆ ئەوەی لەهەڵاوئاسانی ئابووری، لە"نەخۆشی هۆڵەندی"، لەدکتاتۆریەتو ئابووری سیاسی تۆتالیتاریزم رزگارمان بێ.

لەبەرئەمانەی سەرەوە پلانی هەرێم بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا پلانێك نیە بۆ وەلامدانەوە بەپێویستیەکانی ناوخۆ، پلانێك نیە بۆ چارەسەری خراپی بارودۆخی کارەباو نەبوونی خزمەتگوزاریەکان، لەم سۆنگەیەوە هەرگیز بەرهەمهێنانی یەك ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا ستراتیژی گەشەی ئابووری نیە بەڵکو ستراتیژی بەدەستهێنانو کۆکردنەوەی پترۆدۆلارەکانەو کەڵەکەکردنێتی لەسەریەك، ئەگینا وولاتێکی وەکو بەریتانیا بەو هەموو پێشکەوتنە ئابووریەوە کەهەیەتی نزیك بەملیۆنێكو هەشت هەزار بەرمیل نەوت بەکاردەهێنێ! رەنگە بووترێ ئەو سەرمایەو داهاتەی لەنەوتەوە بەدەست دێت دیسانەوە دەخرێتەوە سووڕە ئابوریەکانو دەبێت بەمایەی گەشەو پێشکەوتنی ئابووری، بەڵام مێژووی ئابووری وولاتانی نەوت لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست رێك پێچەوانەی ئەم مەسەلەیەی سەلماندووە، کاتێك بڕی سەرمایەی وەدەستهاتوو (لەچەشنی داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت) لەگەڵ ئاستی گەشەی ئابووری ناوخۆدا هاوتا نەبێو داواکاریە ئابووریەکانی ناوخۆ توانای هەڵمژینی ئەو سەرمایەیەی نەبی، ئیتر ئەو سەرمایەیە خود بەخود دەبێت بەسەرچاوەی هەڵئاوسانو گەندەڵیو کەڵەکەبوونو هۆیەك بۆ میللیتاریزمو خۆشگوزەرانی بەرپرسانی حکومی. لەم روانگەیەوە من پلانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ یەك ملیۆن بەرمیل بەمەترسیەك دەبینم، تەنانەت بەشێك لەپسپۆڕانی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش لەمبارەیەوە هۆشداریان داوە بەحکومەتی هەرێم، بۆ نموونە د.جەزا تۆفیق تالیب پرۆفسیۆری یاریدەدەر لەزانکۆی سلێمانی لەدیمانەیەکدا لەگەڵ "رۆژنامە" لەبەرواری ٩ی دیسەمبەری ٢٠٠٧دا رایگەیاند کەدەرهێنانی نەوت بەم ئاستانەی ئێستا زەرەرێکە لەسامانی نەتەوەیی کوردستانو بەفیڕۆدانی ئەو سەرچاوەیەیە.

لەم سۆنگەیەوە ئەو یاسایەی کەلەکوردستاندا پەسەندکراوەو هەروەها رەشنوسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی پێویستی بەگۆڕان و چاکسازی بنەڕەتی هەیە، گرنگترین گۆڕان ئەوەیە کە یەکەم: ئەو یاسایانە بەپێی سیاسەت و ستراتیژێکی سەرتاسەری لەبواری ووزەو گەشەی ئابووریدا دابڕێژرێتەوەو پیشەسازی نەوت بەشێك بێ لەوەڵامدانەوە بەپێویستیەکانی بەردەوامی و گەشەی ئابووری ناوخۆ، دووەم: نەوت و گازی سروشتی لەدەستی دەوڵەتدا بمێنێتەوەو بەهیچ جۆرێك خصوصی نەکرێتەوەو نەدرێت بەکەرتی تایبەت، سێیەم: گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان رەتبکرێتەوە، چوارەم: سیاسەتێکی عادیلانە لەبواری دابەشکردنی داهاتە نەوتیەکاندا دابڕێژرێت، دروست وایە لانی کەم رێژەیەك لەو داهاتە بخرێتە صندوقێکەوەو بەسەر هاووڵاتیاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەنەختینە دابەشبکرێ، وەرێژەی ٢٠٪ی بۆ پەرەپێدان و گەشەی کەرتی پیشەسازی نەوت و کەرتەکانی تر بخرێتەگەڕو بەشەکەی تری بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت لەبواری تەندروستی و بیمەکان و پەروەردەو خوێندن و خەرجیەکانی بەرگری و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و داموو دەزگاکانی خەرج بکرێ. ئەو پێشنیارانەی لەئارادابوون لەلایەن پسپۆڕانی ئابووری ئەمریکاو عێراقەوە لەپەیوەند بەئەزموونی ولایەتی ئالاسکاوە پێویستە بەهەند وەربگیرێن لەم قۆناغەدا. *٤٥

پێنجەم/ گرێبەستەکان بەئاشکرا لەپەرلەمانی فیدراڵی و پەرلەمانی کوردستاندا ووتوێژیان لەسەر بکرێ و تاووتوێ بکرێن و رای گشتی لێ ئاگاداربکرێتەوە، پەسەندکردنی گرێبەستە گرنگەکان بەپەرلەمانی هەرێم و بەپەرلەمانی عێراق بسپێردرێت.. شەشەم: کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەدانوستان و ووتوێژو بەئاگاداری خەڵکی کوردستان و عێراق لەپەرلەمان و کۆنگرەکاندا چارەسەری دیموکراتی و یاسایی و دەستووری بۆ بدۆزرێتەوە.. حەوتەم: یاسای ژینگەپارێزی لەهەرێمی کوردستاندا دەبێت هاوکات لەگەڵ یاسای نەوت و گازدا دابڕێژرێت و پەسەندبکرێت، دەرهێنان و دامەزراندنی پیشەسازی نەوت واتە پیسبوونی ژینگە، لەناوبردنی زەویە کشتوکاڵیەکان، راکێشانی بۆریەکانی نەوت و گاز بەزەوی و شوێنەگشتیەکاندا، واتە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، زەرەردان لەئاوی ژێرزەوی و .....تاد.

حەوتەم: ..... هەشتەم:.........

ئەمانە کۆمەلێك سەرخەت و هیلی گشتین لەپەیوەند بەم مەسەلەیەوە، بێگومان گفتوگۆی هەمەلایەنە لەمبارەیەوە، بەستنی کۆنگرەی تایبەت بەم مەسەلانە بەبەشداری پسپۆڕانی ئەم بوارە، چالاککردنەوەی رۆڵ و خەبات و تێکۆشانی میدیاکان، رۆژنامەکان و رێکخراوە مەدەنیەکان و لایەن و کەسایەتیە سیاسی و رۆشنبیری و زانستیەکان لەم بوارەدا، ئەمانە هەمووی گرنگن بۆ گەیشتن بۆ پیکهێنانی بەرەیەك کەخوازیاری گۆڕانی ئەم سیاسەت و ستراتیژەی ئەمڕۆی دەسەلاتدارانی کوردستان و داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژێکی ئابووری–سیاسی دروست بێت...

٢٥ شووباتی ٢٠٠٨

**سەرچاوەکان:**


١-giant oil fields.. by *Matthew R. Simmons*... www.simmonsco-intl.com/files/giantoilfields.pdf.

٢- http://www.infoplease.com/ipa/A0922041.html

٣- World Energy Outlook 2007, by internation energy agency, at www.iea.org

٤- Entering the Tough Oil Era, by Michael.T.klare. 17August 2007, at www.zmag.org

٥- The Pentagon v. Peak Oil, by Michael T. Klare . June 17, 2007 .. www.znet.org

٦- هەمان سەرچاوەی ژمارە ١، دیارە لەبەرئەوەی کەهاوسەنگی هێز بەزەرەری حکومەتی هەرێمە لەم قۆناغەدا، دەیەوێت بەهەر قیمەتێك بێ کۆمپانیاکان بۆ خۆی رابکێشێت و هەروەها شارەزایی و ئابوری و تەکنیکی هەرێم لەم بوارەدا زۆر لەخوارەوەیە بۆیە دەبینین کەپشکی کۆمپانیاکان لەکوردستاندا بەپێی ئەو گرێبەستانەی مۆرکراون- هەرچەند هێشتا ئەو گرێبەستانە دەقەکانیان بلاونەکراوەتەوەو بەشێکن لە"نهێنیەکان"- زۆر دیاریکراوەو بەملیارەها دۆلار بەزەرەر بۆ خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە).

٧- سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی زانیاری ووزەی ئەمریکا: پێگەی: (http://www.eia.doe.gov/emeu/cabs/Iraq/Oil.html.

٨- Oil Company In Iraq: A century of Rivalry and War, November 2003

٩- سەرچاوەی ژمارە ٧..

١٠- بڕوانە پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەنتەرنێت (www.krg.org) لەبەرواری ٣ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا.

١١- (بڕوانە نەوت و گەندەڵی لەعێراق-بەشی سێیەم لە١٢ ئەیلولی ٢٠٠٧دا لەپێگەی : www.ens-newswire.com)

١٢- سەرچاوەی ژمارە ١٠

١٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (الاقتصاد العراقي: النفط. التنمية. الحروب. التدمير. الآفاق- ١٩٥٠-٢٠١٠) د.عباس النصراوي، الطبعة العربية الاولى ١٩٩٥ بيروت- لبنان.

١٤- بڕوانە کتێبی (ثلاثية النفط العراقي) فواد قاسم الامير، بغداد ٢٠٠٧

١٥- Greg muttitte: the rip-off of Iraq's oil wealth, at www.crudedesigns.org

١٦- هەمان سەرچاوە

١٧- هەمان سەرچاوە

١٨- هەمان سەرچاوە

١٩- بڕوانە پێگەی حکومەتی هەرێم لەسەر ئەنتەرنێت: ڕەشنوسی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەزمانی ئینگلیزی لە٢٢ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا..

٢٠- لەمبارەیەوەو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ووتاری (کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی باشوور: مێژوویەك لەخەبات، ئەزموونێك بۆ فێربوون) ڕۆژنامەی ئازادی.. ژمارە ٢٢ لەتەمووزی ساڵی ٢٠٠٧دا.

٢١- big oil to sign Iraq deals soon.. dec 6 2007. United press international.. www.upi.com
٢٢- www.pukonline.com ڕۆژی ٧ی ئابی ٢٠٠٧..
٢٣- سەرچاوەی ژمارە ٢١
٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو
٢٥- Wall Street Journal. Dec 6 2007
٢٦- بۆ وەرگرتنی دەقی پەسەندكراوی "یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان-عێراق" سەردانی پێگەی ئەلەكترۆنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەن كەتیایدا ئەو یاسایە بەزمانی عەرەبی بڵاوكراوەتەوە.
٢٧- بڕوانە نەوتی كوردستان ئەگەرێك بۆ ململانێ.. بەرواری ٩ی دیسەمبەری ٢٠٠٧ (www.sbeiy.com).
٢٨- نەژاد جلال: جەنگی نەوت هەرێمی كوردستان بۆ كوێ دەبات؟ سایتی سبەی بەرواری ٥ دیسەمبەری ٢٠٠٧
٢٩- فواد قاسم الامیر: حكومة اقلیم كردستان وقانون النفط والغاز..(www.al-ghad.org).
٣٠- (بڕوانە: www.platts.com).
٣١- (بڕوانە: www.dallasnews.com).
٣٢- سەرچاوەی ژمارە ٢٩
٣٣- (بڕوانە : www.danagas.ae)
٣٤- سایتی سبەی لە٢ی دیسەمبەری ٢٠٠٧، كۆنتراكتی داناغاز..
٣٥- ( بڕوانە: www.zawya.com).
٣٦- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٢٧
٣٧- بڕوانە ڕۆژنامەی هاوولاتی لەبەرواری ٢-٠٢-٢٠٠٨دا..
٣٨- BP accused of cover-up in pipeline deal. www.timesonline.com
٣٩- (بڕوانە هاووڵاتی ژمارە ٣٨٧)
٤٠- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی : النفط والاكراد، كمال مجید، الطبعة الاولى ١٩٩٧، دار الحكمة)
٤١- Oiling the Wheels: smuggling become the real economy of Iraq.. Guardian, 9 june 2007
٤٢- النفط والاستبداد: الاقتصاد السیاسي للدولة الریعیة، معهد الدراسات الستراتیجیة- العراق، الطبعة الاولى ٢٠٠٧- بغداد.
٤٣- www.infoplease.com
٤٤- كتاب العطش الى النفط، ایان رتلیدج، الدار العربیة للعلوم-الطبعة الاولى ٢٠٠٦ -بیروت، لبنان..
٤٥- لعنة النفط، الاقتصاد السیاسى للاستبداد، الطبعة الاولى ٢٠٠٦-بغداد-بیروت.

Bakhtyar H. Saeed

# Kurdistan Regional Government and the Iraqi Federal Government Conflict over Oil

## (Kurdistan region Oil and Gas law and the contracts)

February 2008 ------------------------------------------------------------